# قاسملوو و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات

## لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنە نوروێژییەکانەوە

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

**عەلی مونەزەمی**

کوردستان، هەولێر

٢٧١٨ ک - ٢٠١٨ز

ناوی کتێب: **قاسملوو و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات**
**لە روانگەی راگەیاندنە نوروێژییەکانەوە**

وەرگێران و ئامادەکردنی: **عەلی مونەزەمی**
گرافیك و دیزاین: **هۆزان**

پێشکەشە بە گیانی پاکی

هەموو شەهیدانی قۆناخی نوێی خەباتەکەمان -

شەهیدانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات - کە سەربەرزانە لە

پێناوی ماف و ئازادیی گەل دا گیانیان بەخشی.

# ناوەڕۆک


بەشی یەکەم

پێشەکی ........................................ ٦

بەشی دووهەم

نرخی ئازادیی گەلی کورد و هەوڵ و تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی
خومەینـی لە پەنجەرەی ڕۆژنامەکانی نورویژییەوە ........................................ ١٦
ئا. خەبات و بەرگریی سـەرهلدانی کورد بە دژی ڕێژیمی خومەینی ........................................ ١٧
ب. ڕۆژنامەی کلاسسەکامپن لە کوردستان دا
(وتووێژێک لە گەڵ دوکتۆر قاسـملوو و پێشـمەرگەیەک بە نیوی عەلی قازی) ........................................ ٢٩
پ. ڕاگەیاندنی «شەڕی پیرۆز» (جیهاد) لە لایەن خومەینییەوە بە دژی گەلی کورد ........................................ ٤٢
ت. فەرمانی خومەینی بۆ داخسـتنی ڕۆژنامەکان ........................................ ٤٦
ج. شـەڕی پێشـمەرگەکان لە دوو بەرە دا بە دژی دەوڵەتی ئێران ........................................ ٥٤
چ. نموونەیەک لە هەوڵ و تێکۆشانی نەسرین قاسملوو
بـۆ وەرگرتنـی یارمەتی بۆ گەلی کورد و خەباتی دیپلۆماتیک بە دژی ئێران ........................................ ٦٤
ح.شـەڕی شـاراوە و جینایەتەکانی ڕێژیمی خومەینی لە کوردسـتان دا - کوشـتنی ١٠ هەزار کورد ........................................ ٦٩
خ. دوکتۆر قاسـملوو لە نورویژ دا بۆ خەباتی دیپلۆماتیک ........................................ ٨٦
د. وتووێژێکی دوتۆر قاسملوو لە گەڵ ڕۆژنامەی کوردستان – نیت دا و
بەرێز ئەحمەد حاجۆ لە سـەر ئەو سـەرەدانەی کاک دوکتۆر بۆ ئوسلۆ دەڵێ چی؟ ........................................ ٩٢
ر. شەڕی خومەینی بە شێوەیەکی بێ وێنە بە دژی گەلی کورد ........................................ ١٢٣
ز. بەشێک لە جینایەتەکانی ڕێژیمی خومەینی – کوشتنی ٥٠ هەزار کەس ........................................ ١٢٧

بەشی سێهەم

خەباتی ئێمە وەک خەباتێکی ڕەوا (خەباتی ڕەوا لە ڕوانگەی شـەهید دوکتۆر قاسـملووەوە) ........................................ ١٣٥
ژێدەرەکان ........................................ ١٥٧

# بەشی یەکەم

## پێشەکی

# پێشەکی

لە پێشەکی دا بە سوپاسنامەیەک دەستپێ دەکەم بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە یارمەتیان داوم. لە ئاخرین ڕۆژی مانگی ئاوریلی ئەمساڵ دا هاوکارێکی نوروێژیم کە لە ساڵانی ٨٠ی سەدەی بیستەم دا تێکەڵاویی هەبووە لە گەڵ چالاکوانانی کورد لە نوروێژ، ژمارەیەکی گوڤاری Kurdistan-nytt کە لە ساڵی ١٩٨١ دا دەرچووبوو، وەک دیاری دای بە من کە تێیدا وتووێژێکی شەهید دوکتۆر قاسملوو چاپ و بەڵاوکرابوویەوە. منیش بڕیارم دا کە ئەو وتووێژە وەریگێڕمەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بەڵاوی بکەمەوە و بۆیە ئەو مزگێنیەم لە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیس بووک بۆ هاورێیانم نووسی و پێشوازییەکی باشی لێکرا. لەو نێوە دا هاوڕێ کاک کاووسی عەزیزی پێشنیاری پێکردم کە هندێک وتووێژی دیکەی کاک دوکتۆریش پەیدا بکەم و لە کتێبچەیەک دا هەموویان پێکەوە بەڵاوکەمەوە. ئەو بیرۆکەیە هانی

دام کـە بـە دوای شـتی دیکـە بکـەوم و وەک پرۆژەیـەک کاری لـە سـەر بکـەم. لـەو ماوەیـەی کارم لـە سـەر ئـەو پرۆژەیـە کـردووە، هەروەهـا کاک ئەنقـەر کوهەنسالّ هانـدەر بـووە و زۆر منـی تەشـویق کـردووە کـە بـەردەوام بـم. پێـش ئـەوەی کـە پرۆژەکـە تـەواو بـێ، نووسـینەکانم بـۆ هندێـک لـە هاوڕێیـان نـاردەوە کـە بخوێنـن و بیـر و ڕای خۆیـان لە سـەری بـۆم بنێـرن کـە لـەو نێـوە دا کاک کاووس عەزیـزی زەحمەتێکـی زۆری کێشـا و تـا ئـەو جێگایـەی کـە توانـی لـە راسـتکردنەوەی هەڵـەی تایپـی دا یارمەتیـدەرم بـوو. هەروەهـا بەرێـز و خۆشەویسـت، کاک دوکتـۆر پەرویـز رەحیـم ئەگـەر چـی مەجالـی نەبـوو کـە هەمـوو نووسـینەکە چـاو لـێ بکا، بـەڵام چەنـد رێنوینیەکـی کـردم کـە لـە بـواری سـترووتووری نووینەکـە دا و نێـوی بەرهەمەکـەدا زۆر بەکەڵـک بـوون. لێـرەدا سوپاسـی هەمـوو ئـەو هاورێیانـە دەکـەم. هەروەهـا سـوپاس بـۆ کاک سـلێمان کەلەشـی، یەکێـک لـە قەهرەمانانـی خـاوەن خەباتـی نەتەوەیـی لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دا، کـە بـە تێبینـی و پێشـنیارەکانی یارمەتیـدەر بـوو و سـوپاس بـۆ کاک ئەحمـەد حاجـۆ، کـە لـە گوڤـاری کوردسـتان نیـت دا کاری کردووە و بۆمـی گێرایـەوە کـە ئـەو وتووێـژە لـە لایـەن خاتـوو کریسـتینە مۆلـو›وە کـراوە و کاک دوکتـۆر مێوانـی کاک ئەحمـەد بـووە لـە کاتـی سـەرەدانی بـۆ نوروێـژ. و لـە دوایـی دا و بـە تایبەتـی سوپاسـی بـرای تێکۆشـەر و خەباتـکار، کاک کەریـم پەرویـزی و کاک ئومیـد عەبـدی و هەمـوو بەشـی ڕاگەیاندنـی حیـزب دەکـەم کـە ئەوانیـش بـە تێبینیەکانیـان یارمەتیـدەر بـوون.

ئـەو پرتووکـە لـە سـێ بـەش پێـک دێ کـە بریتیـن لـە ١. پێشـەکی، ٢. نرخـی ئازادیـی گەلـی کـورد و هـەوڵ و تێکۆشـانی دوکتـۆر قاسـملوو بـە دژی رێژیمـی کۆنەپەرەسـتی خومەینـی لـە پەنجـەرەی ڕۆژنامەکانـی

نوروێژییـەوە و ٣. خەباتـی ئێمـە وەک خەباتێکـی رەوا (خەباتـی رەوا لـە ڕوانگـەی شـەهید دوکتـۆر قاسـملووەوە).

بەشـی دووهـەم لـە ١١ بـەش پێکهاتـووە کـە بـە پیتـی ئەلـف و بێـی کـوردی لـە یەکـتر جیـا کراونەتـەوە. ئـەو بەشـە وەرگێـردراوی وتووێـژەکان و هەواڵ-ڕاپۆرتەکانـی ڕۆژنامەکانـی نوروێژییـە کـە بـە بـێ دەسـتێوەردان، وەک خـۆی بـەڵاو کراونەتـەوە و وێنـەی هـەر یەکێکیـان بـە سـەرچاوەوە هێـنراوە. هـەوڵ دراوە کـە ئـەو بابـەت یـان هەواڵ-ڕاپۆرتانـەی کـە نێوەرۆکیـان لـە یەکـتر نیزیکـە یـان وەک یەکـن، لـە یـەک جێـگا دا کـۆ بکرێنـەوە. شـایانی باسـە کـە لینکـی ئـەو سـەرچاوانە، زۆربـەی نیزیـک بـە تەواویـان، تەنیـا لـە کتێبخانـە گشـتیەکانی نوروێـژ دا دەکرێنـەوە.

لـە ژێربەشـی «ئـا.» دا کـە لـە ژێـر سـەردێڕی «خەبـات و بەرگریـی سـەرهەڵدانی کـورد بـە دژی ڕێژیمـی خومەینـی» دا هاتـووە، هـەواڵ و ڕاپۆرتـی ڕۆژنامەکانـی «بەرگێنـس تیدێنـدە»، «ئادرێسسـە ئاڤیسـن» و «ئافـتن پۆسـتن» لـە خـۆی دەگرێتـەوە کـە سـەرچاوەی ئەوانیـش بـۆ ئـەو هەواڵ-ڕاپۆرتـە، ناوەنـدی هەواڵدەریـی ڕۆیتێـر، بیـرۆی هەواڵدەریـی نوروێـژی و UPI بـووە. لـەو بەشـە دا بـاس لـە شـەڕی سـنە کـراوە کـە لـەو شـەڕە دا کـوردەکان دەسـتیان بـە سـەر ئێزگـەی رادیـۆ دا گرتـووە و پەلامـاری پادگانـی هێـزە چەکدارەکانـی ڕێژیمیـان داوە و لـەو شـەڕە دا ڕێژیـم لـە هێلیکوتێـر و فانتـۆم کەڵکـی وەرگرتـووە کـە کـوژراو و برینـدار بـە ڕادەیـەک زۆر بـووە کـە لـە نەخۆشـخانە دا جێـگای بەتـاڵ نەمـاوە.

ژێربەشـی «ب.» لـە ژێـر سـەردێڕی «کلاسسـەکامپن لـە کوردسـتان دا» دا هاتـووە و ئـەوە کـە سـەردێڕی خـودی ڕۆژنامـەی «کلاسسـەکامپن»ە بـۆ ئـەو ڕاپۆرتـە، کەڵکـی لـێ وەرگیـراوە. لـەو ڕاپۆرتـە دا بـاس لـە چوونیەتـی سـەفەرکردنی ڕۆژنامەوانـی ڕۆژنامـەی کلاسسـەکامپن لـە تارانـەوە بـۆ

کوردستان (شاری مەهاباد)، مێوان دۆستیی گەلی کورد، ئەتوموسفەری ئازاد لە مەهاباد دا سەرەڕای چەکدابوونی خەڵکێکی زۆر، باسی ئەهەمییەتدانی قاسملوو بە دروستکردنی ئاشتی لە نێوان جیرانەکان دا کراوە و هەروەها دوو وتووێژ لە خۆی دەگرێ کە یەکێکیان لە گەڵ دوکتۆر قاسملوو یە و تێیدا کاک دوکتۆر شوعاری حیزب شی دەکاتەوە، باسی فۆرمی خەبات و شەڕی سنە کە ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ کورد لەو شەڕە دا کوژراون، دەکا و وتووێژی دووهەم لە گەڵ پێشمەرگەیەک بە نێوی عەلی قازی یە کە ژن و منداڵی لە لایەن حکوومەتی شاهەوە کوژراون.

ژێربەشی (پ.) راپۆرت-هەواڵێکی ڕۆژنامەی «کلاسسەکامپن»ە لە سەر راگەیاندنی فەرمانی جیهاد بە دژی خەڵکی کورد و قەدەغەکردنی حیزبی دێموکرات و ئێعدام و گولەبارانکردنی ژمارەیەک کورد لە لایەن رێژیمی خومەینییەوە کە لەو پرتووکە دا لە ژێر سەردێڕی «راگەیاندنی شەڕی پیرۆز لە لایەن خومەینییەوە بە دژی گەلی کورد» بەڵاو کراوەتەوە.

لە ژێربەشی (ت.) دا هەواڵ-راپۆرتی ڕۆژنامەکانی ئافتن پۆستن، لیللەهامر تیلسکووئێر و گلۆمداڵن لە سەر هێرشی خومەینی بۆ سەر ئوپۆزیسیۆن و داخستنی ٢٢ ڕۆژنامە، داوای خومەینی بۆ قوولبەستکردنی ئەندامانی حیزبی دێموکرات، فەرمانی خومەینی بۆ سەرکووتی شۆڕشگێرانی کورد لە سنە و ناودێرکردنی حیزبی دێموکرات وەک حیزبی شەیتان، ئەوەی کە کاربەدەستانی ئێرانی بە دوای قاسملوو و شێخ عزەدین،ەوەن و هەروەها داوای کوردەکانی هەندەران لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، کوورت والدهەیم، بۆ پێشگرتن لە کۆمەڵکوژ کردنی کورد لە لایەن رێژیمەوە، لە خۆی دەگرێ. ئەو

بەشـە لـە ژێـر ناونیشـانی «فەرمانـی خومەینـی بـۆ داخسـتنی ڕۆژنامەکان» دا هاتــووە.

لــە ژێربەشــی (ج.) دا راپۆرت-هەواڵــی ڕۆژنامەکانــی کلاسســەکامپن، سـتاڤانگێرئافتن بـلاد، بەرگێنـس تیدێنـدە و ئافـتن پۆسـتن لـە ژێـر سـەردێڕی «شـەڕی پێشـمەرگەکان لـە دوو بـەرە دا بـە دژی دەوڵەتـی ئێـران» هاتـووە کـە تێیـدا دوکتـۆر قاسـملوو ئامـاژە بـە ئاشـتیخوازیی گەلـی کـورد دەکا و ئـەوەی کـە کـورد خوازیـاری کەڵـک وەرگرتـن لـە رێـکاری دێموکراتیکـن بـۆ گەییشـتن بـە ویسـت و ئامانجەکانیـان. هەروەهـا قاسـملوو دەخاتـە روو کـە ڕێژیمـی خومەینـی تێدەکۆشـێ بـۆ تۆمەتبـار کردنـی قاسـملوو و شـێخ عزەدیـن بـە سـیخوری بـۆ سـاواک.

لـە درێـژەی راپۆرتەکـەدا بـاس لـە شـەڕی پێشـمەرگەکان دەکـرێ بـە دژی رێژیمـی خومەینـی لـە دوو بـەرە دا و شـەڕ لـە نیزیـک مەهابـاد و سـەقز وەک شـارێکی سـتراتێژیک. هەروەهـا دەنـووسرێ کـە مەحمـوود تالقانـی پشـتیوانی لـە شـەڕی رێژیمـی ئایەتـوڵاکان بـە دەژی گەلـی کـورد و گۆڕینـی راسـتیەکانی شـەڕ لـە لایـەن مێدیاکانـی فارسـەوە دەکا.

ژێربەشـی (چ.) لـە ژێـر سـەردێڕی « نموونەیـەک لـە هەوڵ و تێکۆشـانی نەسریـن قاسـملوو بـۆ وەرگرتنـی یارمەتـی بـۆ گەلـی کـورد و خەباتـی دیپلۆماتیـک بـە دژی ئێـران»، وتووێـژی خاتـوو نەسریـن قاسـملوو، خێزانـی شـەهید دوکتـۆر قاسـملوو، لـە گـەڵ رۆژنامـەی «داگ بـلادە» لـە خـۆی دەگـرێ کـە هـاوکات لـە گـەڵ سـەرەدانی وەزیـری دەرەوەی رێژیمـی خومەینـی بـۆ نوروێـژ، سـادق قوتبـزادە، و پرێـس کۆنفرانسـی ناوبـراو بەرێـوە چـووە. نەسریـن خانـم بـاس لـە گەمارۆدانـی کوردسـتان لـە لایـەن رێژیمـەوە، دەسـت نەکەوتنـی دەرمـان و خـواردن و سـووتەمەنی لـە کوردسـتان دا دەکا و دەڵـێ کـە دەبـێ جیهـان سـەرنج بداتـە شـەڕی

ڕێژیم بە دژی گەلی کورد. هەروەها باسی ئەوە دەکا کە چوار شاری کوردستان، سنە، سەقز، بانە و مەریوان لە لایەن ئەرتێش و سوپای پاسدارانی ڕێژیمەوە کاول کراون و ڕێژیم لە شەڕی دژی کورد دا لە تۆپخانە و فرۆکەی فانتۆم و هێلیکوپتێر کەڵک وەردەگرێ. [بە گوێرەی تئۆرییەکانی شەڕی ڕەوا، بە کار هێنانی لە ڕادە بەدەری هێز کە ئامانجەکەی وێران و کاول کردنە] و کۆمیتەی دان و ستان کە لە لایەن ڕێژیمەوە پێک هێنراوە، حازر نیە لە گەڵ نوێنەرانی کورد دان و ستان بکا و کوردیش نازانێ کە بۆ دان و ستان لە گەڵ کێ تەرەف بێ.

ژێر بەشی (ح.) لە ژێر ناو و نیشانی « شەڕی شاراوە و جینایەتەکانی ڕێژیمی خومەنی لە کوردستان دا»، هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەکانی ئادرێسسە ئاڤیسن، نوورلاندس فرامتید، ئافتن پۆستن و هەروەها هەواڵ-ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوان ئوولە والبەرگ کە لە ڕۆژنامەکانی ڕانا بلاد، لیللەهامر تیلسکووئێر و ستاڤانگر ئافتن بلاد دا بەڵاو کراوەتەوە، لە خۆی دەگرێتەوە. لەو هەواڵ-ڕاپۆرتانە دا باس لە کوژرانی ١٠ هەزار کورد لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندییەوە کراوە کە زانیارییەکانی لە لایەن کاک دوکتۆر قاسملوویەوە لە پرێس کۆنفرانسێک دا لە پاریس و لە کاتی سەفەر بۆ نوروێژ لە لایەن ئەوە خراونەتەوە ڕوو. دوکتۆر قاسملوو شەڕی ڕێژیم بە دژی گەلی کورد بە «شەڕی شاراوە» نێو دەبا کە ڕێژیم پێش لە بەڵاوبوونی زانیاری لە بارەی ئەو شەڕە دا دەگرێ بۆ ئەوەی کە نەکەوێتە بەر چاوی بیر و ڕای گشتی. قاسملوو هەروەها دەخاتە ڕوو کە ئامانجی ڕێژیم لەو شەڕە، سڕینەوەی گەلی کوردە.

لە درێژەی ڕاپۆرتەکان دا باس لەوە دەکرێ کە دوکتۆر قاسملوو

هیـواداره کـه نورویـژ لـه نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ڕێکخراوەکانـی دیکـەی نێونەتەوەیـی، وەک یوونسـکۆ، بـاس لـە مەسـەلەی کـورد بـکا و هـۆکاری ئـەو گەشـبینیەی دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە نورویـژ نـە پێویسـتیی بـە نەوتـی ڕۆژهەڵاتـی نیـوە ڕاسـت هەیـە و نـە چـەک بـە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتی نێوراسـت دەفرۆشـێ.

دوکتـۆر قاسـملوو ویسـتی خودموختـاری خوازیـی گەلـی کـورد دەبەسـتێتەوە بـە هـەل و مەرجـی ئابـوری و سیاسـی و ئـەوەی کـە نەسـلی داهاتـوو چیـی بـوێ، مەسـەلەیەکی دیکەیـە. هەروەهـا لـە ڕاپۆرتەکـە دا هاتـووە کـە قاسـملوو دەڵـێ جێگـرەوەی شـەڕی چەکـداری چارەسـەرییەکی سیاسـییە.

ژێربەشـی (خ.) کـە لـە ژێـر سـەردێڕی «قاسـملوو لـە نورویـژ دا بـۆ خەباتـی دیپلۆماتیـک» دەسـتەبەندی کـراوە، وتارێکـە کـە لـە لایـەن ئەیریـک رۆسسـن‌›ەوە لـە ڕۆژنامـەی کلاسسـە کامپـن دا بـەڵاو کراوەتـەوە. لـەو ڕاپۆرتـە دا کـە ئامـاژە بـە ئاخافتنەکانـی دوکتـۆر قاسـملوو کـراوە، هاتـووە کـە کاک دوکتـۆر قاسـملوو گلەیـی دەکا کـە کـورد بـە پێچەوانـەی فلیسـتینییەکان، پشـتیوانی ناکرێـن و بـە تەنیـا و ئیزۆلەکـراو خەبـات دەکـەن. و هەروەهـا قاسـملوو دەخاتـە ڕوو کـە دەسـەڵات لـە ئێـران دا لـە لایـەن حیزبـی کۆمـاری ئیسـلامییەوە مۆنۆپۆلیـزە کـراوە و وڵات بـەرەو دیکتاتۆریەتێکـی نـوێ هەنـگاو دەنـێ و ڕێژیمـی خومەینـی فەرمانـی جیهـادی بـە دژی گەلـی کـورد داوە و لـە نێـوان شـەڕی ئێـران بـە دژی عێـراق و شـەڕی ئێـران بـە دژی کـورد، پێشـترێتی بـە شـەڕی لـە دژی کـورد دەدرێ لـە لایـەن کاربەدەسـتانی ڕێژیمـەوە.

ژێربەشـی (د.) وتوویـژی گوڤـاری کوردسـتان-نیت لـە گـەڵ دوکتـۆر قاسـملوو لـە خـۆی دەگـرێ کـە لـەو پرتووکـە دا لـە ژێـر نـاو و نیشـانی

« وتووێژێکــی دوکتــۆر قاســملوو لــە گــەڵ گۆڤــاری کوردســتان-نیت « دەســتەبەندی کــراوە. ئــەو وتووێــژە لــە فوریە-مارســی ١٩٨١ دا بــۆ ســەرەدانی نورویــژی کردبــوو، کــراوە. لــەو وتوویــژە دا دوکتــۆر قاســملوو بــاس لــە رووداوەکانــی دوای شۆڕشــی ئێــران، بــە تایبەتــی شــەڕی ئێــران و عێــراق، بــە بارمتــە گرتنــی ٥٢ کارمەنــدی ســفارەتی ئامریــکا لــە لایــەن رێژیمــی خومەینییــەوە، شــەڕی رێژیم بــە دژی گولی کــورد و پێوەندییەکانی نێــوان حیزبــی دێموکــرات و رێکخراوەکانــی دیکــەی کوردســتانی و ئێرانــی دەکا. لــەو وتوویــژە دا زۆر زانیاریــی بــە کەڵــک هــەن کــە لــە وانــە دوو دەرســی گــەورە هــەن کــە ئێســتاش کــورد بــە گشــتی و ئەندامانــی حیزبــی دێموکــرات بــە تایبەتــی دەتوانــن لــێ فێــر بــن و لــە پراتیــک دا بــە کاری بێنــن. یەکمیــن ئــەوەی کــە پرەنسیپەکانی وەرگرتنــی یارمەتــی لــە دەرەوە و دووهــەم ئــەوەی کــە حیزبــی دێموکــرات لــەو کاتــەی کــە دەســەڵاتی بــە ســەر ســنووری نێــوان ڕۆژهــەلات و باشــووری کوردســتان دا هەبــووە، نــەک پێشــی بــە خەباتــی رێکخراوەکانــی باشــوور نەگرتــووە، بەلکــوو هاوکاریــی کــردوون کــە بتوانــن لــە ســەر ئــەو ســنوورە دا بچنــەوە بــۆ دیــوی دیکــە و درێــژە بــە کار و چالاکییەکانیــان بدەنــەوە.

ژێربەشــی (ر.) لــە ژێــر ســەردێڕی «شــەڕی خومەینــی بــە شــێوەیەکی بێوێنــە بــە دژی خەڵکــی کــورد» لــە خــوی دەگــرێ. ئــەو بەشــە هــەواڵ-راپۆرتێکــە کــە لــە لایــەن ئارنــە فۆســس،ەوە نــووسراوە و لە ڕۆژنامــەی داگ بــلادە دا بــەڵاو کراوەتــەوە. لــەو راپۆرتــەش دا بــاس لــە کوژرانــی ١٠ هــەزار کــورد کــراوە کــە ٨٠٪ی ئەوان ژن و منــداڵ و پیرەکانــن و رێژیمی خومەینی بـــە فرۆکـــەی نێچیروانـــی و تۆپخانـــەکان پێنـــج شـــاری گـــەورەی وێـــران کــردووە و ١٠٠ هــەزار کــەس مەجبــوور کــراون کــە مــاڵ و حاڵــی خۆیــان بــە جــێ بێڵــن. لــەو راپۆرتــە دا ئامــاژە بــە وتەکانــی کاک دوکتــۆر کــراوە کــە

ئـەو ئیمکانـی رزگاریـی ئێـران لـە دەسـت رێژیمـی سـەدە نیوەراسـتیەکانی ئاخونـدی لـە پێـک هێنانـی بەرەیـەک دا دەبینـێ لـە گـەڵ رێکخراوەکانـی دیکـەی سەراسـەری لـە ئێـران دا [رێکخـراوی دێموکراتیـک]. لـەو راپۆرتـە دا هەروەهـا هاتـووە کـە قاسـملوو دەڵـێ کـە رێژیمـی خومەینـی هیـچ بەرنامەیەکـی نیـە بـۆ باشـتر کردنـی بـار و دۆخـی ئابۆریـی وڵات و ئـەو رێژیمـە بـە رێژیمـی ئەنکیزیسـیۆن و دیکتاتۆرییەتـی ئۆلـی پێناسـە دەکا.

لـە ژێـر بەشـی (ز.) دا کـە دواییـن ژێربەشـی بەشـی دووهەمـە، بـاس لـە هەواڵـی کوژرانـی ٥٠ هـەزار کـەس و زیندانـی کرانـی ١٠٠ هـەزار کـەس بـە تۆمەتـی سیاسـی دەکا لـە دوای کەوتنـی شـاه لـە ئێـران دا. هەواڵەکـە لـە زمانـی کاک دوکتـۆر قاسـملوویەوە گواسـتراوەتەوە. ئـەو هەواڵـە لـە ڕۆژنامەکانـی ناشـۆنن، نوورلانـدس پۆسـتن، کلاسسـە کامپـن، ترۆنـدر ئاڤیسـا و ئادرێسسـە ئاڤیسـن دا بـەڵاو کراوەتـەوە کـە لـە ڕۆژنامـەی فرانسـەویی «لـێ مارتیـن» وەرگیـراوە کـە وتوێژێکـی لـە گـەڵ دوکتـۆر قاسـملوو دا پێـک هێنابـوو. ئـەو بەشـە لـە ژێـر نـاو و نیشـانی «بەشـێک لـە جینایەتەکانـی ڕێژیمـی خومەینـی - کوشـتنی ٥٠ هـەزار کـەس» دەسـتەبەندی کـراوە.

بەشـی سـێهەم وتارێکـی منـە (عەلـی مونەزەمـی) کـە بـۆ سـاڵیادی شـەهیدانی وییـەن و شـەهیدانی ڕاسـان لـە سـمینارێک دا لـە ئوسـلۆ لـە ساڵی ٢٠١٧، پێشـکەش کـرا. ئـەو وتـارە باسـێکی تئوریک-شـیکاری یـە لـە سـەر شـەڕی رەوا لـە روانگـەی کاک دوکتـۆر قاسـملوویەوە و باسـێکە لـە سـەر ڕاسـان وەک درێـژەی خەباتـی کاک دوکتـۆر قاسـملوو. مەبەسـت لـە هێنانـی ئـەو وتـارە، بەڵاوکردنـەوەی هـەر چی زیاتـری بیر و ئەندیشـەکانی کاک دوکتـۆر و پێشـگرتن لـە لـە بەیـن چوونـی ئـەو وتارەیـە.

شـایانی باسـە کـە پێـم خـۆش بـوو بەرهەمەکـە پێـش سـاڵیادی

شەهیدبوونی کاک دوکتۆر قاسملوو بەڵاو بێتەوە و بۆیە پێرا نەگەییشتم کە هەموو ئەو راپۆرت و وتوویژ و هەواڵانەی ڕۆژنامەکانی نوروێژی وەرگێرمەوە سەر زمانی کوردی و ئەوانەی کە ماون، لە پێشەڕۆژێکی نیزیک و لە بەرهەمێکی دیکە دا بەڵاو دەکرێن و دەکەونە بەر دەستی خوێنەرانی هێژا.

جارێکی دیکە پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە یارمەتیدەرم بوون.

به سوپاسەوە!

**عەلی مونەزەمی، ژووئەنی ٢٠١٨/ نوروێژ**

# بەشی دووهەم

## نرخی ئازادیی گەلی کورد و
## هەوڵ و تێکۆشانی د. قاسملوو بە دژی
## رێژیمی کۆنەپەرەستی خومەینی لە
## پەنجەرەی ڕۆژنامەکانی نوروێژییەوە

## ئـا: خەبـات و بەرگریـی سـەرهەڵدانی کـورد بـە دژی ڕێژیمـی خومەینـی

### سەرهەڵدەرانی کورد پرسگرێکی نوێ بۆ خومەینی پێک دێنن

تـاران (NTB- ڕۆیتێـر – UPI): لـە ئێـوارەی ڕۆژی دووشـەممەوە سـەرهەڵدانی کـورد و هێزەکانـی دەوڵەتـی ئێـران چوونـە نێو ئاگربەسـتەوە لـە دوای ئـەوەی کـە تـەواوی ڕۆژەکـە لـە شـەڕێکی قـورس دا بـوون لـە شـاری سـنە لـە نیزیـک سـنووری پـەری (بـەرەو) عێـراق. کـوردەکان لـە نێو شـار دا دەسـتیان بـە سـەر ئێزگـەی رادیـۆ دا گرتبـوو و پەڵامـاری پادگانـی چەکدارییـان دابـوو.

ئێزگـەی هەواڵنێریـی «دەنگـی شـۆڕش» لـە تـاران ئێـوارەی ڕۆژی دووشـەممە راگەیانـد کـە لـە شـەڕ و پێکدادانـەکان دا زۆر کـەس کـوژران و برینـدار بـوون، پێـش ئـەوەی کـە ئاگربەسـت بکەوێتـە بـواری جێبەجـێ

کـردن لـە دواییەکانـی دوانیوەرۆیـەوە.

ڕۆژنامەکانـی ئێرانـی نووسـیویانە کـە زۆر کـەس کـوژراون و نیزیکـەی ٢٠٠ کـەس تـا دوانیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە بریـندار بوونەتـەوە. ڕێبـەری ئۆلیـی وڵات، ئایەتولـلا خومەینـی، لـە هێـزە چەکـدارەکان و ملیشـیاکان داوای کـردووە کـە هـەر هێرشـێک لـە لایـەن مۆرەکانـی دژە شۆڕشـەوە بـۆ دواوە لێیـان دەن. فرۆکـەی شـەڕکەر بـۆ یارمەتیدانـی ئەوانـەی کـە لە سـنە دا لـە پـادگان دا بـوون، دەسـت تێوەردانـی کـردەوە. دوو هێلیکۆپتێـری چەکداریـش تەقەیـان لـە سـەرهەڵدانی کـورد کـرد، هـاوکات لـە گـەڵ ئـەوە فرۆکەکانـی فانتۆمـی نێچروانـی بـە نزمـی لـە سـەر شـار دا فریـن، بـە بـێ ئـەوەی کـە تەقـە بکـەن.

لــە بەشــەکانی دیکــەی ئێــران دا هــەزاران ســەربازی چەکــدار خۆپێشــاندانیان کــرد بــۆ نیشــاندانی پشــتیوانیی خۆیــان لــە شۆڕشــی ئیســلامی بــە دژی ڕێژیمــی شــاە.

ئیزگــەی رادیۆیــی «دەنگـی شـۆڕش» بەیاننامــەی خومەینیـی بــەڵاو کــردەوە. خومەینــی خــۆی لــە بەتاوانبــار ناســاندنی کــوردەکان لــە کردەوەکانــی شــەڕ دا بــوارد.

کوردسـتان: دوای ئـەوەی کـە شـاە کـەوت، کـوردەکان داوا کۆنەکەیـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بـەرز کردووتـەوە.

ڕێبــەری حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان، عەبدولرەحــمان قاســملوو، ڕۆژی دووشــەممە لــە داخوویانیــەک دا خســتە ڕوو کــە هندێــک لایــەن بــە دروســتکردنی چەپــەر لــە شــاخەکان و لێخورینــی زرێپۆشــەکان لــە نێــو ســنە دا، هانــی خەڵــک دەدەن. ڕێبەرێکــی دیکــەی حیزبــی دێموکراتـی کوردسـتان دەڵـێ کـە لاینگرانـی شـاە لـە پشـتی نائارامییەکانـی کوردســتانەوەن.

ڕێبەرانـی ئۆلیـی پێـشرەوی کـورد لـە ئێـران دا، ئەحمـەد موفتیـزادە و عزەدیـن حوسـەینی، بەیاننامەیـان داوەتـە دەرێ و داوای کۆتایـی هێنـان بـە شـەڕ و پێکدادانەکانیـان کـردووە.

لـە تـاران ١٠ هـەزار سـەرباز لـە شـەقامەکانی ناوەندیـی شـار دا مـارش ڕۆیشـتوون بـۆ دەربڕینـی پشـتیوانیی خۆیـان لـە ئایەتولـلا خومەینـی. خۆپێشـاندانی هاوشـێوە لـە شـارەکانی دیکـەش بەڕێـوە چـووە.

## جەوی کارنەوال

زۆربـەی چەکـدارەکان لـە هێـزی ٥٠٠ هـەزار کەسـی لـە ئێـران دا ئەمسـال لـە کاتـی شـۆڕش و یـان لـە دوای شـۆڕش هەڵاتـوون. ئـەو ١٥ هـەزار سـەربازەی گاردی شاهەنشـاهی تەنیـا هێزێـک بـوون کـە لـە دوایـن بەشـی شـۆڕش دا بـۆ شـاە تێکۆشـان. جـەوی کارنـەوال لـە کاتـی مـارش لـە تـاران دا هەبـوو.

ئورکێسـتێری سـەربازی سروود نەتەوەیـی ژەنـی، لـە کاتێـک دا کـە تەماشـەوانان شـیرینی، میخەکـی سـوور و سـکەیان فـڕێ دەدا بـۆ سـەربازەکان و میلیشـیا. خەڵـک بـە کـۆڕ هاواریـان دەکـرد: - خەڵـک بـۆ ئەرتێشـە و ئەرتێـش بـۆ خەڵکـە. بەڵـێ بـۆ کۆمارێکـی ئیسـلامی.

بـە گوێـرەی ڕۆژنامەکانـی تـاران، خومەینـی ڕۆژی یەکشـەممە کۆبوونەوەیەکـی لـە گـەڵ بەرپرسـی بەرگـری، ژێنێـراڵ محەمـەد وەلـی قەرەنـی لـە شـاری قـوم دا هەبـوو.

ئامانـج لـە مارشـی (ڕێـژە) ڕۆژی دووشـەممە ڕەنگبـێ بـۆ نیشـاندانی ئـەوە بـێ کـە ئایەتـوڵا لـە لایـەن هەمـوو چەکدارانـەوە [هێـزە چەکدارەکانـی دەوڵـەت] لـە ئێـران دا پشـتیوانیی لـێ دەکـرێ.

گرووپێکـی ١٨ کەسـی لـە فێمینیسـتەکان کـە زۆربەیـان فەرانسـەوی

بــوون، ڕۆژی دووشــەممە هاتــن بــۆ تــاران بــۆ دەربڕینــی پشــتیوانیی خۆیـان لـە ژنانـی ئێـران، کـە بـۆ یەکسـانی و بـە دژی حیجابـی زۆرەملـی خۆپێشـاندانیان کردبـوو. هـاوکات فێمینیسـتێکی ئامریکایـی، Kate Millett، بـەرەو لەنـدەن فـری دوای ئـەوەی کـە لـە لایـەن کاربدەسـتانی شۆڕشـەوە سـنوورداش کـرا.



# Kurdiske opprørere gir Khomeini nye problemer

En muslimprest side om side med iranske soldater under marsjen til støtte for Khomeini i Teheran mandag. (AP-foto.)

**Karnevalsstemning**

مەلایەکی موسڵمان شان بە شانی سەربازانی ئێران لە کاتی مارش بۆ پشتیوانی لە خومەینی لە تاران.

بەرگێنس تیدێندە، ڕێکەوتی ٢٠.٠٣.١٩٧٩، لاپەڕەی ١٤

https://www.nb.no/items/97393dfc4ff11f53c28df9d880ac0e22?page=13&searchText=Ghassemlou

## سەرهەڵدان لە شەڕەکان دا بە دژی هێزەکانی دەوڵەتیی ئێران

تـاران (NTB- رۆیتێـر – UPI): لـە ئێـوارەی ڕۆژی دووشـەممەوە سـەرهەڵدانی کـورد و هێزەکانـی دەوڵەتـی ئێـران چوونـە نێو ئاگربەسـتەوە لـە دوای ئـەوەی کـە تـەواوی ڕۆژەکـە لـە شـەڕێکی قـورس دا بـوون لـە شـاری سـنە لـە نیزیـک سـنووری پـەری (بـەرەو) عێـراق. کـوردەکان لـە نێو شـار دا دەسـتیان بـە سـەر ئێزگـەی رادیـۆ دا گرتبـوو و پەلامـاری پادگانـی چەکداریـان دابـوو.

ئێزگـەی هەواڵنێریـی «دەنگـی شـۆڕش» لـە تـاران ئێـوارەی ڕۆژی دووشـەممە ڕاگەیانـد کـە لـە شـەڕ و پێکدادانـەکان دا زۆر کـەس کـوژران و برینـدار بـوون، پێـش ئـەوەی کـە ئاگربەسـت بکەوێتـە بـواری جێبەجـێ کـردن لـە دەرەنگانـی دوانیوەرۆیـەوە.

ڕۆژنامەکانـی ئێرانـی نووسـیویانە کـە زۆر کـەس کـوژراون و نیزیکـەی ٢٠٠ کـەس تـا دوانیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە برینـدار بوونەتـەوە. رێبـەری ئۆلیـی وڵات، ئایەتولـلا خومەینـی، لـە هێـزە چەکـدارەکان و ملیشـیاکان داوای کـردووە کـە هـەر هێرشـێک لـە لایـەن مۆرەکانـی دژە شۆڕشـەوە بـۆ دواوە لێیـان دەن. فرۆکـەی شـەڕکەر بـۆ یارمەتیدانـی ئەوانـەی کـە لە سـنە دا لـە پـادگان دا بـوون، دەسـت تێوەردانـی کـردەوە. دوو هێلیکۆپتێـری چەکداریـش تەقەیـان لـە سـەرهەڵدانی کـورد کـرد، هـاوکات لـە گـەڵ ئـەوە فرۆکەکانـی فانتۆمـی نێچروانـی بـە نزمـی لـە سـەر شـار دا فریـن، بـە بـێ ئـەوەی کـە تەقـە بکـەن.

لـە بەشـەکانی دیکـەی ئێـران دا هـەزاران سـەربازی چەکـدار خۆپێشـاندانیان کـرد بـۆ نیشـاندانی پشـتیوانیی خۆیـان لـە شۆڕشـی ئیسـلامی بـە دژی ڕێژیمـی شـاه.

## بەیاننامە لە لایەن خومەینییەوە

ئیزگـەی رادیۆیـی «دەنگـی شـۆڕش» بەیاننامـەی خومەینیـی بـەڵاو کـردەوە. خومەینـی خـۆی لـە بەتاوانبـار ناسـاندنی کـوردەکان لـە کردەوەکانـی شـەڕ دا پاراسـت. - ئـەو وتـی کـە ئێمـە و موسـڵمانانی سـونی لـە کوردسـتان دا بـرای یەکیـن. هیـچ جیاوازیەکـمان نیـە. ئـەوە مۆرەکانـی دژە شۆڕشـن کـە نائارامیـان خولقانـدوە.

## کـوردەکان موسـڵمانی سـونین لـە کاتێـک دا کـە زۆربـەی ئێرانیـەکان سـەر بـە مەزهەبـی شـیعەن.

لـە سـنە فرۆکـەی فانتۆمـی نێچیروانیـی دروسـتکراوی ئامریـکا بـە نزمـی لـە سـەر مەیدانـی شـەڕ دا فریـن. سـەرهەڵدان لـە شـەقامەکان دا چەپەریـان دروسـتکردووە و بـە گوێـرەی هەواڵـی ڕۆژنامـەکان، فەرماندەی چەکداریـی ناوچەکەیـان بـە دیـل گرتـووە. ڕۆژنامـەی ئیتلاعاتـی تـاران راگەیانـد کـە فەرمانـدەری چەکـداری، سـەروان سـەفاری (سـەفەری) سـێ راگەیانـدراوی داوەتـە دەرەوە و داوا لـە هێزەکانـی کـردووە کـە خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن. ڕۆژنامـەکان نووسـیویانە کـە رێـژەی برینـداران لـە سـنە ئەوەنـدە زۆرە کـە هەمـوو جێـگاکان لـە نەخۆشـخانە پـڕن و ئامبولانسـەکان ناتوانـن هەمـوو قوربانیـەکان لـە مەیدانـی شـەڕ دوور بخەنـەوە.

دوای ئـەوەی کـە شـاه کـەوت، کـوردەکان داوا کۆنەکەیـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بـەرز کردووتـەوە.

## لایەنگرانی شاه لە پشتن[پشتی قەزیەکەوەن]؟

رێبـەری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، عەبدولرەحـمان قاسـملوو، ڕۆژی دووشـەممە لـە داخوویانیـەک دا خسـتە روو کـە هندێـک لایـەن بـۆ دروسـتکردنی چەپـەر لـە شـاخەکان و لێخورینـی زرێپۆشـەکان لـە نێـو سـنە دا، هانـی خەڵـک دەدەن. رێبەرێکـی دیکـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان دەڵـێ کە لاینگرانـی شـاه لـە پشـتی نائارامییەکانـی کوردسـتانەوەن.

رێبەرانـی ئۆلیـی پێـشرەوی کـورد لـە ئێـران دا، ئەحمـەد موفتیـزادە و عزەدیـن حوسـەینی، بەیاننامەیـان داوەتـە دەرێ و داوای کۆتایـی هێنـان بـە شـەڕ و پێکدادانەکانیـان کـردووە.

لـە تـاران ١٠ هـەزار سـەرباز لـە شـەقامەکانی ناوەندیـی شـار دا مـارش ڕۆیشـتوون بـۆ دەربڕینـی پشـتیوانیی خۆیـان لـە ئایەتولـلا خومەینـی. خۆپێشـاندانی هاوشـێوە لـە شـارەکانی دیکـەش بەرێـوە چـووە.

زۆربـەی چەکـدارەکان لـە هێـزی ٥٠٠ هـەزار کەسـی لـە ئێـران دا ئەمسـال لـە کاتـی شـۆڕش و یـان لـە دوای شـۆڕش هەڵاتـوون. ئـەو ١٥ هـەزار سـەربازەی گاردی شاهەنشـاهی تەنیـا هێزێـک بـوون کـە لـە دوایـن بەشـی شـۆڕش دا بـۆ شـاه تێکۆشـان. جـەوی کارنـەوال لـە کاتـی مـارش لـە تـاران دا هەبـوو.

ئورکێسـتێری سـەربازی سروود نەتەوەیـی ژەنـی، لـە کاتێـک دا کـە تەماشـەوانان شـیرینی، میخەکـی سـوور و سـکەیان فـڕێ دەدا بـۆ سـەربازەکان و میلیشـیا. خەڵـک بـە کـۆڕ هاواریـان دەکـرد: - خەڵـک بـۆ ئەرتێشـە و ئەرتێـش بـۆ خەڵکـە. بەڵـێ بـۆ کۆمارێکـی ئیسـلامی.

بـە گوێـرەی ڕۆژنامەکانـی تـاران، خومەینـی ڕۆژی یەکشـەممە کۆبوونەوەیەکـی لـە گـەڵ بەرپرسـی بەرگـری، ژێنێـراڵ محەمـەد وەلـی

قەرەنــی لــە شــاری قــوم دا هەبــوو.

ئامانــج لــە مارشــی (ڕێــژە) ڕۆژی دووشــەممە ڕەنگبــێ بــۆ نیشــاندانی ئــەوە بــێ کــە ئایەتوولــلا لــە لایــەن هەمــوو چەکدارانــەوە [هێــزە چەکدارەکانــی دەوڵەتــپ لــە ئێــران دا پشــتیوانیی لــێ دەکــرێ.



# Opprørere i kamper mot iranske regjeringsstyrker

## *Khomeini ba militsen slå tilbake ethvert angrep*

**TEHERAN (NTB—Reuter— UPI): Kurdiske opprørere og iranske regjeringsstyrker inngikk mandag kveld våpenhvile etter at det hele dagen hadde rast harde kamper i byen Sanandaj ved grensen mot Irak. Kurderne hadde okkupert radiostasjonen og angrepet militærforlegningen i byen.**

**Kringkastingsstasjonen «Revolusjonens røst» i Teheran meldte mandag kveld at mange mennesker ble drept eller såret i kampene før våpenhvilen trådte i kraft utpå ettermiddagen.**

**Sjah-tilhengere bak?**

**Appell fra Khomeini**

ئادرێسسە ئاڤیسن، ڕێکەوتی ٢٠.٠٣.١٩٧٩، لاپەرەی ٦

https://www.nb.no/items/b073482ed9d58752743d66397bffe80f?page=5&searchText=Ghassemlou

## سەرهەڵدانی کورد لە لایەن ئەرتێشی ئێرانەوە راوەستێندران

تاران، ١٩ی مارس

تـاران (NTB- رۆیتێـر – UPI): لـە ئێـوارەی ڕۆژی دووشـەممەوە سـەرهەڵدانی کـورد و هێزەکانـی دەوڵەتـی ئێـران چوونـە نێو ئاگربەسـتەوە لـە دوای ئـەوەی کـە تـەواوی ڕۆژەکـە لـە شـەڕێکی قـورس دا بـوون لـە شـاری سـنە لـە نیزیـک سـنووری پـەری (بـەرەو) عێـراق. کـوردەکان لـە نێو شـار دا دەسـتیان بـە سـەر ئێزگـەی رادیـۆ دا گرتبـوو و پەلامـاری پادگانـی چەکداریـان دابـوو.

ئێزگــەی هەواڵنێریــی «دەنگــی شــۆڕش» لــە تــاران ئێــوارەی ڕۆژی دووشـەممە راگەیانـد کـە لـە شـەڕ و پێکدادانـەکان دا زۆر کـەس کـوژران و برینـدار بـوون، پێـش ئـەوەی کـە ئاگربەسـت بکەوێتـە بـواری جێبەجـێ کـردن لـە دەرەنگانـی دوانیوەرۆیـەوە.

بـە گوێـرەی ئاسۆشـیتێدپرێس لـە سـەرەوەی ١٧٠ کـەس کـوژراون و زیاتـر لـە ٢٠٠ کـەس برینـدار بوونەتـەوە. رێبـەری ئۆلیـی وڵات، ئایەتولـلا خومەینـی، لـە هێـزە چەکـدارەکان و میلیشـیاکان داوای کـردووە کـە هـەر هێرشـێک لـە لایـەن مۆرەکانـی دژە شۆڕشـەوە بـۆ دواوە لێیـان دەن.

ئێزگـەی رادیۆیـی «دەنگـی شـۆڕش» بەیاننامـەی خومەینیـی بـەڵاو کـردەوە. خومەینـی خـۆی لـە بەتاوانبـار ناسـاندنی کـوردەکان لـە کردەوەکانــی شــەڕ دا پاراســت. – ئـەو وتـی کـە ئێمـە و موسـڵمانانی سـونی لـە کوردسـتان دا بـرای یەکیـن. هیـچ جیاوازیەکـمان نیـە. ئـەوە مۆرەکانــی دژە شۆڕشــن کــە نائارامیــان خولقانــدوە.

کـوردەکان موسـڵمانی سـونین لـە کاتێـک دا زۆربـەی ئێرانیـەکان سـەر بـە مەزهەبـی شـیعەن.

فرۆکـەی شـەڕ دەسـتێوەردانیان کـرد بـۆ یارمەتیدانـی ئەوانـەی کـە لـە پادگانـی سـنە دا بـوون. دوو هێلیکوپتێـر دەسـترێژیان لـە کـوردە سـەرهلدەرەکان کـرد، لـە کاتێـک دا کـە فرۆکـە نێچیروانیەکانـی دروسـتکراوی ئامریـکا بـە بـێ ئـەوەی کـە تەقـە بکـەن، بـە نزمـی لـە سـەر شـار دا فریـن.

ڕێبـەری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، عەبدولرەحـمان قاسـملوو، ڕۆژی دووشـەممە لـە داخوویانیـەک دا خسـتە روو کـە هندێـک لایـەن بـە دروسـتکردنی چەپـەر لـە شـاخەکان و لێخورینـی زرێپۆشـەکان لـە نێـو سـنە دا، هانـی خەڵـک دەدەن. ڕێبەرێکـی دیکـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان دەڵـێ کـە لاینگرانـی شـاه لـە پشـتی نائاراممییەکانـی کوردسـتانەوەن.

ڕێبەرانـی ئۆلیـی پێـشرەوی کـورد لـە ئێـران دا، ئەحمـەد موفتیـزادە و عزەدیـن حوسـەینی، بەیاننامەیـان داوەتـە دەری و داوای کۆتایـی هێنـان بـە شـەڕ و پێکدادانەکانیـان کـردووە.

لـە تـاران ١٠ هـەزار سـەرباز لـە شـەقامەکانی ناوەندیـی شـار دا مـارش ڕۆیشـتوون بـۆ دەربرێنـی پشـتیوانیی خۆیـان لـە ئایەتولـلا خەمەینـی. خۆپێشـاندانی هاوشـێوە لـە شـارەکانی دیکـەش بەرێـوە چـووە.

لـە تـاران دوو فرۆکـەی نێچیروانـی بـە نزمـی لـە سـەر خۆپێشـاندەران دا فریـن و هەروەهـا دەیـان هێلیکوپتێـر لـە ئاسـماندا بـوون.

ئافتن پۆستن، ڕێکەوتی ٢٠.٠٣.١٩٧٩، لاپەڕەی ٨

https://www.nb.no/items/77b9f4ac26110be07847b8d606a60d2e?page=7&searchText=Ghassemlou



# Kurdiske opprørere stanset av Irans hær



Soldater og politifolk marsjerte mandag gjennom gatene i Teheran for å vise sin støtte til Khomeiny og hans islamske revolusjon. Ifølge vestlige observatører var ikke oppslutningen så stor som ventet. (Foto: AP)

ژێرنووسی وێنەکە: سەربازەکان و پۆلیس ڕۆژی دووشەممە لە شەقامەکانی تاران مارش ڕۆیشتن بۆ دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان لە خومەینی و شۆڕشە ئیسلامیەکەی. بە گوێرەی چاودێرانی ڕۆژئاوایی بەشداری ئەوەندە گەورە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا. (وێنە: ئافتن پۆستن).



*Disse kurderne stilte seg opp for fotografen i en landsby i nærheten av Sanandaj i forrige uke, før kampene mellom kurdiske opprørere og iranske regjeringsstyrker brøt ut. (Foto: UPI)*

ژێرنووسی وێنەکە: ئەو کوردانە هەفتەی ڕابردوو لە گوندێکی نیزیک سنە بۆ وێنەگرتن راوەستان، پێش ئەوەی کە شەڕی نێوان سەرهەڵدانی کورد و هێزەکانی دەوڵەتی ئێران دەستپێ بکا. (وێنە: UPI).

## ب: کلاسسەکامپن لە کوردستان دا

### -ئێمە بۆ خۆبەڕێوەبەری [خودموختاری] خەبات دەکەین




ئـەوە ئـەو گروپەیـە کـە ئێستا پادگانـی مەهابـاد دەپارێزن. ئـەوان دەسـت لـە زۆر شـت وەردەدەن لـەو نێـوەدا چەندیـن تانك.

کلاسسەکامپن، ٠٥.٠٥.١٩٧٩، لاپەڕەی ٦ و ٧

«ئیـران پێیـما» خەتـی ئوتووبووورانـی هەیـە لـە هەمـوو ئێـران دا. ئوتووبووسـی جـوان لـە گـەڵ ئێیرکۆندیشـن (کوولێـر) و خزمەتـی سـهۆڵئاو و کـۆلای خۆرایـی. سـەفەری لـە تـاران را بـۆ مەهابـاد لـە کوردسـتان ١٤ کاتژمێـری خایانـد و نیزیکـەی ٥٠ کرۆنـی تێچـوو. لـە ئوتووبـووس دا چـاوم بـە عەلـی قـازی کـەوت. عەلـی ئـاگای لـە مـن بـوو کـە خواردنـم وەرگرتبـێ و لـە تەنشـت کەسـێک دانیشـم کـە ئینگلیزیـی دەزانـی. کاتێـک

کـە ئوتووبـووس لـە مەهابـاد راوەسـتا، عەلـی چانتاکـەی منـی هەڵگـرت و منـی دەعـوەت کـرد بـۆ ماڵەکـەی. کاتێـک کـە لـە سـالۆنی بنەماڵـەی قـازی لـە سـەر فەرشـی فارسـی (ئێرانـی) راوەسـتابووین، وتـی کـە وەک ماڵـی خۆمـی بزانـم. یەکمیـن کاری کـە کـرد، ئـەوە بـوو کـە کـراس و شـەڵواری داکەنـد و جـل و بەرگـی کوردیـی پۆشـی. دوای تفەنگـە دژە تانکەکـەی پەیـدا کـرد و خاوێنـی کـردەوە و ئینجـا بـوو نوێـرەی دەمانچـە ئیسرائیلیکـە. داوای نانـی بەیانـی و چەنـد دەورێـک چـا و قەنـد، ئێمـە دەورێـک چـوون بـۆ نێـو شـار.



له بازار له مه‌هاباد. ئه‌وان ریواس ده‌فروشن. ریواس سه‌وزه‌یه‌کی وه‌حشی یه که له چیاکان شین ده‌بی. خواردنی پیشمه‌رگه‌کان له کاتی ته‌نگانه‌دا یه.



مەهاباد ناوەندێکە بۆ کوردستانی ئێران. بنکەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی لێرەیە، لێرەیە کە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لێی دەمێنێ. شارێکی ئارامە سەرەرای ئەوەی کە زۆر کەس چەکدارن. لە گەڕانمان دا ئێمە خەڵک بە دەمانچە و نارنجۆک لە سەر کەمبەرەوە، تفەنگی ئوتوومات لە سەر شانەوە، یووزی، چەکی دژە تانک [ئار-پی-جی]، مسەلسەل و هتد دەبینین.



عەلی


لە کافەی هوتێلێك لە مەهاباد

زۆربـەی خەڵـک ئـەو شـتە زۆر بـە شـتێکی ئاسـایی دەبینـن لـە دونیـا دا. ئێمـە چـەک و فیشـەکی دەمانچـە لێـمان قەدەغـە دەکـرێ. پادگانـی مەهابـاد لــە لایـەن پێشـــمەرگەوە گیـراوە. تانکەکانـی گـەورە وەک مۆنۆمێنتـی مـردوو لـە پـادگان دا ڕاوەسـتاون.

سـەرئێوارە مام/خاڵـی عەلـی هاتـە بـۆ سـەردانی ئێمـە. نێـوی سـەیفە. ئـەو باسـی شـەڕی دژی شـاه و هەروەهـا کوردەکانـی عێـراق دەکا. لـە دوایـی دا بانگهێشـت کـرام بـۆ چوونـی شـاخ، بـۆ بنکـەی پێشـمەرگەکانی کـوردی عێـراق.

کوردسـتان لـە لایـەن لەشـکەری سـوڤیەتەوە لـە ئاخرەکانـی شـەڕی دووهەمـی جیهانـی دا گیـرا. لـە ١٩٤٥ دا ئـەوان پاشەکشـەیان کـرد. قـازی محەمـەد کۆمارێکـی کـوردی ڕاگەیانـد. ئـەو ١١ مانگـی خایانـد. کـە ڕێژیمـی شـاه بـە پشـتیوانیی ئینگلیـز و ئامریـکا گەڕایـەوە. ئـەوان لانـی کـەم ١٥ هـەزار کەسـیان کوشـت. قـازی محەمـەد لـە سـێدارە درا. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە گـەڵ کۆمـار دامـەزرا، حیزبەکـە زۆر بـە تونـدی کەوتـە بـەر تەعقیـب. شـاه ٥-٦ جـار هەوڵـی تێکشـکاندنی حیزبـی دێموکراتـی






گەلۆ ئەوە دەتوانی مسلمانێک بی؟ ئەو داوا دەکا کە نرخی لە سەر دابنێن [بە چەند؟]. هەروەها فیشەکی دەمانچەش دەفرۆشێ.

کوردســتانی دا، بــە کوشــتنی بــە کۆمــەڵ و زیندانــی کــردن.

لــە ١٩٦٧ دا حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان دەســتی پێکــرد بــە ڕێکخســتنی شــەڕی پارتیزانــی بــە دژی ئەرتێشــی شــاه. قاســملوو و ڕێبەرایەتیــی سیاســیی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان لــە دوای کەوتنــی شــاه گەڕانــەوە بــۆ ئێــران.



ئێمــە لــە دەفتــەری عەبدولرەحــمان قاســملوو، ســکرتێری گشــتیی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان دانیشــتووین. ئــەو درەنــگ کــەوت، لــە دەرەوە بــوو بــۆ چارەســەریی کێشــەیەکی جیرانــی.

**باشــە ئێســتا خەبــات بــۆ خۆبەڕێوەبــەری [خودموختــاری] ی نێوخۆیــی بــۆ ئێــوە گرینگترینــە؟**

گرینگتریــن شــوعاری ئێمــە «دێموکراســی بــۆ ئێــران و خودموختــاری بــۆ کوردســتانی ئێرانــە.» ئــەو شــوعارە لــە چەنــد هەفتوویــی ڕابــردوو دا بــوو بــە گرینگتریــن شــوعار لــە کوردســتانی ئێــران دا. هەمــوو گرووپــە سیاســیەکان لــەو بــارەوە هــاوڕان. ئێمــە بڕوامــان بــە دێموکراســی هەیــە، بــەڵام ئــەوە تەنیــا هــۆکار بــۆ ئــەم شــوعارە نیــە. ئێمــە دەزانیــن کــە هیــچ کاتێــک ناتوانیــن خۆبەڕێوەبــەری [خودموختــاری] ی نێوخۆیــی لــە ژێــر دەســەڵاتێکی دیســپۆتی و دیکتاتــۆری لــە ئێــران دا وەدەســت بێنیــن. گارانتیــی خۆبەڕێوەبــەری [خودموختــاری] ی نێوخۆیــی ئێمــە، هەبوونــی بەڕێوەبەرییەکــی دێموکراتیکــە.

**کوردستان لە نێوان چوار یان پێنج وڵات دا دابەش کراوە. بۆ خەبات نەکرێ بۆ وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی؟**

ئێمە بۆ خۆبڕیاردان تێدەکۆشین. ئەو دەتوانێ چەندین شکلی هەبێ. هەر لە سەربەخۆیی تەواوە بگرە تا خۆبەڕێوەبەری [خودموختاری] ی نێوخۆیی. ئێمە لەو بڕوایەداین کە بە خۆبەڕێوەبەری [خودموختاری] ی نێوخۆیی هەموو مافە کۆمەڵایەتی و ئابۆرییەکانمان بە دەست دێنین. کوردستانێکی سەربەخۆ لە هەل و مەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا مومکن نیە.

**ئەتۆ لە دان و ستان بوویی لە تاران؟**

ئەو هەلبەت دان و ستان نەبوو، بەڵام یەکمین چاوپێکەوتن لە گەڵ ئایەتوڵلا خومەینی بوو. ئێمە لەوە ڕازین، لە بەر ئەوەی کە دەرفەت هەبوو ڕوونی بکەینەوە کە بە ڕاستی چیمان دەوێ. هەم ئایەتوڵلا خومەینی و هەم بازرگان تێگەییشتنی شەخسیان هەبوو بۆ ئێمە. بەڵام دەزانی کە لە سیاسەت دا ئارەزووی باش پیویستە، بەڵام بەس نیە. ئێمە دەمانەوێ خۆبەڕێوەبەری [خودموختاری] ی نێوخۆیی بکەوێتە نێو یاسای بنەڕەتی دا. لە نێو دەوڵەت دا خەڵک هەیە کە دەیانەوێ یارمەتیدەرمان بن و خەڵک هەیە کە دژی ئێمەن.- بەس کە وا بوو، کات پێویستە.

**ئێوە بۆ شەڕی چەکداری حازرن ئەگەر هات و خۆبەڕێوەبەری [خودموختاری] ی نێوخۆیی وەرنەگرن؟**

ئێمە درێژە بە تێکۆشانمان دەدەین بۆ خۆبەڕێوەبەری [خودموختاری]، بەڵام تو دەزانی کە فۆرمی خەبات، چەکداری یان ئاشتیانە، هەموو کاتێک لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵدەبژێردرێ. باوەڕمان وایە کە ئێمە دەتوانین چارەسەریەک بۆ موشکلەکەمان

بــە بــێ شــەڕی چەکــداری پەیــدا کەیــن. بــەڵام ئەگــەر هــات و هێــرش کرایــە ســەر ئێمــە، ئاشــکرایە کــە دیفــاع لــە خۆمــان دەکەیــن.

**هــۆکاری شــەڕ لــە ســەنەندەج کــە ئێســتا لــە مانگــی مــارس دا قەومــا، چــی بــوو؟**

بناغــەی هەمــوو و پرســگرێکانە ئەوەیــە کــە هێشــتا لایەنگرانــی شــاە لــوێ هــەن. بــە تایبەتــی لــە ئەرتێــش دا، و هندێــک تاکــە کەســیش لــە نێــو کۆمیتــەی شــۆڕش دا. لــە ســەنەندەج زۆربــەی خەڵــک بــە دژی کۆمیتــە و دام و دەزگای بەڕێوەبەریــن. حەشــارگەی (ئەمبــاری) گــەورەی چــەک و چــۆڵ لــە ســەنەندەج دا هەبــوون. هــەر ڕۆژ ڕادەیەکــی زۆری چــەک بــۆ بەشــەکانی دیکــەی ئێــران رادەگوێــزران. هــەر ڕۆژ کۆمیتــە چەکــی لــە نێــو شــیعەکان دا دابــەش دەکــرد، بــەڵام هیــچ کاتێــک لــە نێــو ســونییەکان دا نــە (ئــەوە هێلــی بــاوەڕی لــە ئیســلام دان. فارســەکان شــیعە و کــوردەکان ســونین). بۆیــە خەڵــک دەســتیان کــرد بــە دەربرینــی نارەزایەتــی، تەقەیــان لــێ کــرا و زۆر کەســیان لــێ کــۆژرا. دوای خەڵکیــش پەلامــاری پۆلیســی دەوڵەتیــان دا. ئــەوە هەمــوو بــە کار گیــرا. ٤ [٤٠٠] هەتــا ٥٠٠ کــورد لــەو شــەڕە دا کــوژران.

**ئیمکانی ڕوودانی شتێکی وا دیسان هەیە؟**

بەڵــێ، ئــەوە جێــگای داخــە کــە دەبــێ بوتــرێ، بــەڵام دەتوانــێ دووبــارە بــێ.- و ئەگــەر شــتێکی وەهــا بــۆ نموونــە لــە ورمــێ ڕوو بــدات، وەک ئــەوەی کــە لــە ســەنەندەج قەومــا نابــێ. دەبێتــە کارەســات. هــەر دوو لایــەن زۆر بەهێــزن، - چــەک پــڕە و خەڵکیــش پــڕە.

ئــەو ســەری خــۆی دەســوورێنێ لــە کاتــی بیرکردنــەوە دا. عەلــی دێتــەوە ژوورەوە لــە گــەڵ چــا بــۆ دەوری ئاخــر، پێــش ئــەوەی کــە بڵێــم ســوپاس بــۆ مــن. لــە بــەر دەگا ســەیف و جەعفــەر ڕاوەســتاون

و چاوەروانــن. ئێمــە دەبــێ لــە نێــو شــار دا غاردەیــن کــە فریــای ئوتووبــووس بکەویــن بــۆ سەردەشــت. سەردەشــت لــە ســنووری عێراقـەوە دوور نیـە. لـە مـەودای شـەو دا بیرمـان کـردەوە کـە بچینـە نێـو خاکـی عێـراق، - بـۆ مێوانـی لـە بنکـەی پێشـمەرگەکان لـە عێـراق. (بــەڵام وا نەچــووە پێــش.)



عەلیــم لــە دەفتــەری قاســملوو دیتــەوە. عەلــی لــە ١٩٤٥ەوە پێشـمەرگەیە. ئـەو لـە کوردسـتان لـە سـنووری پـەری عێـراق لـە دایـک بـووە. عەلـی لـە ١٩٥٥ تـا ٥٧ زیندانـی کـراوە دوای ئـەوەی کـە کـەس وکارێکــی نیزیکــی بــە ســووچی چالاکیــی سیاســی دەگیــردرێ.

**هیچ بنەماڵەت هەیە؟**

بەڵــێ. زەواجــم کــردووە و دوو کچــم هەیــە. هەروەهــا جارێکیــش پێشــتر زەواجــم کردبــوو. ئێمــە دوو کوڕمــان هەبــوون. ئــەوان لــە لایــەن هێزەکانــی شــاهەوە کــوژران، و مــن دەبوایــە هەڵاتبــام.

**ئەتۆ لە گەڵ پێشمەرگەکان لە سەر شاخ بوویی؟**

بەڵـێ. ئێمـە سـێ مانـگ لـە مەوبـەر لـە شـاخەکان را گەراینـەوە. لـە چیـاکان دا لـە کونـەکان دا [ئیشـکەوتەکان دا] دەژیایـن. هندێـک جـار دەچووینـەوە بـۆ گونـدەکان بـۆ ئـەوەی کـە جـل و بەرگـەکان بشـۆین، بـۆ دەسـت پێراگەییشـتن بـە خـواردن و شـتی دیکـە.

**ئێوە زۆر یارمەتیتان لە گوندەکان وەردەگرت؟**

بەڵـێ. ئێمـە بنکەیەکـمان لـە شـاخەکان هەبـوو. زۆر یارمەتـی لـە گوندەکانـەوە دەهاتـە ئـەوێ. رێبـەری ئێمـە خـواردن و جـل و بـەرگ لـە سـەر ئێمـە دا دابـەش دەکـرد.

ئەیە (eie)


KLASSEKAMPEN I
KURDISTAN
—Vi slåss for sjølstyre






KLASSEKAMPEN – lørdag 5. mai 1979, nr. 102

Kurdistan ble holdt av Sovjet-hæren mot slutten av 2. verdenskrig. I 1945 trakk de seg ut. Gazim Mohamad proklamerte da en kurdisk republikk. Den varte i 11 måneder. Da kom sjah-regimet tilbake med støtte av England og USA. De drepte minst 15000 personer. Gazim Mohamad ble hengt. KDP ble dannet sammen med republikken, og partiet ble hardt forfulgt. Sjahen gjorde 1–8 forsøk på å knuse KDP, med en masse mord og fengslinger. I 1967 begynte KDP organisert geriljakrig mot sjahstyrkene. Ghassemlou og den politiske ledelsen for KDP kom tilbake til Iran etter sjahregimets fall.

Vi sitter på kontoret til Abdul Rahman Gassemlou, generalsekretæren i KDP. Han er sein, har vært ute for forsøk å bilegge en nabokonflikt.






کلاسسەکامپن، ٠٥.٠٥.١٩٧٩، لاپەڕەی ٦ و ٧

https://www.nb.no/items/6f8f90763edc52c6996f95b36ccc4911?page=5&searchText=Ghassemlou

## پ. ڕاگەیاندنی «شەڕی پیرۆز» (جیهاد) لە لایەن خومەینییەوە بە دژی گەلی کورد

## جۆڵە بەرەو (بە دژی) کوردستان

ڕۆژنامەی کلاسسەکامپن، ڕێکەوتی ٢٠.٠٨.١٩٧٩، لاپەڕەی ١١

خۆمەینی لە ئێران دا داوای حەرەکەتی تەواو کردووە بۆ وەرگرتنەوەی دووبارەی کۆنترۆڵی ناوەندی بە سەر ناوچەکانی کوردستان دا، جێگایەک کە ئەم ڕۆژانەی دوایی شەڕی بەهێز تێیدا هەبووە. دوای کەوتنی شاری پاوە لە ڕۆژی یەکشەممە دا، شەڕەکان بە سەر سنە دا کۆ کراونەتەوە.

NTB ڕادەگەیەنێ کە کاربەدەستانی ئێران ڕۆژی شەممە شاری سنووریی پاوەیان دووبارە داگیر کردووە کە چوار شەو و ڕۆژ هێزەکانی سەرهەڵدانی کورد تێیدا جیگیر بوون.

ڕێبەری ئۆلی ئایەتوڵلا خومەینی خۆی فەرمانی جۆڵەی بۆ هێرشێکی کاریگەر بە دژی کوردەکان دا، کە بە بێ باوەڕ (کافر) پێناسەیان کردن. خومەینی خۆی وەک فەرماندەری باڵای هیزە چەکدارەکان ناساند، و فەرمانی دا بە فەرماندەرانی دەوڵەتی و ڕێبەرانی میلیشیا بۆ هێرش کردن.

ئێستا روون نیە کە چەند کەس لە شەڕەکان دا ژیانیان لە دەست داوە. هەواڵە نافەرمیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کوردەکان بە دوای هێرشی هەمەلایەنە، بۆ ناوچە سنووریەکان پاشەکشەیان کردووە.

خومەینی ڕۆژی شەممە بێ بەزەیی بوو بە دژی فەرماندەرانی چەکدارەکان کە تا ئێستا خۆیان لە بەرەوروو بوونەوەی راستەوخۆ

لـە گـەڵ سـەرهەڵدانی کـورد پاراسـتووە.

دوای کەوتنـی شـاە ڕێبەرانـی میانـەڕەوی چەکـداری خۆیان دەپاراسـت کـە سـەربازەکان بخەنـە گـەڕ بـۆ تێکشـکاندنی نائارامیەکانـی نێوخۆیـی. و مانگـی رابـردوو فەرمانـدەری هێـزە چەکـدارەکان، نـاسر فوربـوود، کشـایەوە و ڕاگەیانـد کـە لـە ژێـر فشـار دا بـووە بـۆ ئـەوەی کـە ئەرتێـش بـە دژی خەڵـک بـە کار بێنـێ.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان قەدەغە کراوە

ڕێبـەری ئۆلیـی کـوردەکان، شـێخ عزەدیـن حوسـەینی، سیاسـەتی خومەینیـی شـەرمەزار کـرد و ڕاگەیانـد کـە شۆڕشـی ئێـران لـە خەتـەری ئـەوەدا یـە کـە ناشۆڕشـگێران و ئێرتجاعییـەکان (کۆنەپەرەسـتەکان) دەسـتی بـە سـەر دا بگـرن کـە وڵات بـەرەو دیکتاتۆریەتێکـی نـوێ دەبـات.

وتەبێژێکـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان ڕاگەیانـد کـە ڕێبـەری حیـزب، عەبدولرەحـمان قاسـملوو، دەیـەوێ بـۆ پرۆتسـتۆ کردنی سیاسـەتی کاربەدەسـتان لـە ناوچـە کوردییـەکان دا یەکمیـن دانیشـتنی شـۆڕای تـازە هەلبژێـردراوی دارشـتنی یاسـای بنەڕەتـی (مجلـس خـبرگان مۆسـس) کـە بڕیـارە ڕۆژی یەکشـەممە لـە تـاران دا بەڕێـوە بچـێ، بایکـووت بـکا. قاسـملوو یەکێـک لـە چەنـد ڕێبـەری کەمایەتیـەکان بـوو کـە بەشـداری لـە هەڵبژاردنـی شـۆڕای یاسـای بنەرەتـی دا کـرد.


ڕۆژی یەکشـەممە ڕاگەیانـدرا کـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان قەدەغـە کـراوە لـە لایـەن دەوڵەتـی ئێرانـەوە. جێـگای قاسـملوو لـە شـۆڕای یاسـای بنەرەتـی دا لـێ وەرگیردرایـەوە.

## ئێعدام کردنەکان

هێـزە ئەمنیەکانـی ئێـران ڕۆژی یەکشـەممە ١١ کوردیـان ئێعـدام کـرد کـە لـە کاتـی داگیرکردنـی پـاوە دا بـە دیـل گیرابـوون.

دیلـەکان بـۆ شـاری جیـران، کرماشـان راگوێزرابـوون کە لـوێ دادگایەکی شـۆرش ئەوانیـان تاوانبـار زانـی لـە سـەرهلدان بـە دژی خـوا و فەسـاد لـە سـەر عـەرزی خـوا. ئـەوان پێـش شـەفەق گۆلەبـاران کـران.

رادیــۆ تــاران راگەیانــد کــە هێزەکانــی دەوڵەتــی ئێــران دوێنــێ بــۆ شــاری ســنە بــە رێــگاوە بــوون، کــە لــوێ گرووپێکــی ســەربازیی کــورد [پێشـمەرگەکان] گرووپێکـی ژن لـە مزگەوتێـک دا بـە بارمتـە گرتـووە. شـار دەبـێ لـە لایـەن هێزەکانـی کـوردەوە دۆرپێـچ کرابـێ. هێزەکانـی دەوڵەتی ئێــران بەشــێکی زۆری ســنووری عێراقیــان داخســتووە و زۆر بــە چــری بــە دوای ئـەو پێشــمەرگانەوە دەگەرێــن کــە لــە دۆرپێچکردنــی پــاوە دا بەشــداریان کردبــوو.



عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی
دیموکراتی کوردستان کە ڕۆژی یەکشەممە لە
لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە قەدەغە کرا (وێنە: ئەپە)



lig allianse mellom de allian- | Havana-konferansen vil an- | Før heiga hadde ASEAN- | FLYKTNINGENE

# Mobilisering mot Kurdistan

**Khomeini har krevd full mobilisering i Iran for å generobre sentral kontroll over områder i Kurdistan, der det har vært kraftige kamper de siste dagene. Etter at den kurdiske byen Paveh falt lørdag, har kampene konsentrert seg om Sanandaj.**

Iranske myndigheter gjenerobret lørdag grensebyen Paveh, som hadde vært beleiret av kurdiske opprørsstyrker i fire dager, melder NTB.

Det var den religiøse lederen Ayatollah Khomeini som personlig ga ordren om å mobilisere til en avgjørende offensiv mot kurderne, som han karakteriserte som vantro. Khomeini erklærte seg selv for overhode for de væpnede styrker, og ga ordren om å angripe over hodet på både regjeringen og den militære ledelsen.

Det er foreløpig uklart hvor mange som mistet livet i kampene. Ubekreftede meldinger går ut på at kurderne trakk seg tilbake over grensen til Irak da angrepet ble satt inn for fullt.

Khomeini var lørdag nådeløs mot den militære ledelsen, som hittil har vært tilbakeholdende med å gå inn i direkte konfrontasjoner med de kurdiske opprørerne. Siden sjahens fall har de moderate militære lederne vært forsiktige med å sette inn soldater for å slå ned indre uroligheter, og tidligere øverstkommanderende for de væpnede styrker, Nasser Farbod, gikk av i forrige måned og erklærte at han følte seg presset til å sette inn hæren mot folket.

**KDP FORBUDT**

Kurdernes religiøse leder, sheik Ezzedin Hosseini, fordømte lørdag Khomeinis politikk og fremholdt at den iranske revolusjonen er i ferd med å bli overtatt av kontrarevolusjonære og reaksjonære agenter som fører landet mot et nytt diktatur.

En talsmann for det kurdiske demokratiske partiet, KDP, erklærte at partiets leder, Abdul Rahaman Qassemlou, vil boikotte det første møtet i det nyvalgte grunnlovsrådet, som skal finne sted i Teheran søndag, i protest mot myndighetenes politikk i kurderområdene. Qassemlou var en av de få minoritetslederne som stille opp til valget på grunnlovsråd.

Søndag ble det meldt at KDP er forbudt av den iranske regjeringa, og at Qassemlou er fratatt sin plass i grunnlovsrådet.

**HENRETTELSER**

Iranske sikkerhetsstyrker henrettet søndag til kurdiske opprørere som ble tatt til fange da byen Paveh ble gjenerobret.

Fangene ble brakt til nabobyen Kermanshah, der en revolusjonær domstol fant dem skyldige i opprør mot gud og guds stedfortredere. De ble henrettet før daggry.

Iranske regjeringsstyrker var i går på vei til byen Sanandaj, der kurdiske geriljasoldater holder en gruppe kvinner som gisler i en moské, meldte Teheran Radio søndag formiddag. Byen skal også være omringet av kurdiske styrker.

Regjeringsstyrkene har stengt av store deler av grensen mot Irak og satt i gang en omfattende jakt på de kurdiske geriljasoldatene som deltok i beleiringen av Paveh.

*Abdur Rahman Qassemlou, leder for det kurdiske demokratiske partiet som ble forbudt i helga av regjeringa i Iran. (Foto: ...rie)*

ڕۆژنامەی کلاسسەکامپن، ڕێکەوتی ٢٠.٠٨.١٩٧٩، لاپەڕەی ١١
https://www.nb.no/items/8d94ac2ca81672026003145bd2ff50e5?page=11&searchText=Qassemlou

## ت. فەرمانی خومەینی بۆ داخستنی ڕۆژنامەکان

**ئـەو پارتـە کوردییـە رێژیمـی نـوێ وەک رێژیمێکـی ئەنکیزیسـیۆن و دیکتاتۆریەتـی ئۆلـی پێناسـە دەکا.**

لـە واقـع دا هەمـوو حیزبـەکان، بێجگـە لـە حیزبـی کۆمـاری ئیسـلامی،



KHOMEINI KRIGER MOT KURDERNE SOM ALDRI FØR

کلاسسەکامپن، ٢٧.٠٢.١٩٨١، لاپەڕەی ١٤

https://www.nb.no/items/bdd0ab85e30eed767e18701836a085d6?page=13&searchText=Ghassemlou

قەدەغـە کـراون. ئـەو حیزبـە هەمـوو مـاس مێدیـا کۆنـترۆڵ دەکا. تەنیـا ئۆپۆزیسـیۆنێک کـە تەحەمـول دەکـرێ، سـەر بـە سـەرۆک کۆمـار بەنـی سـەدر ە.

- ڕێژیـم هیـچ بەرنامەیەکـی نیـە بـۆ باشـتر کردنـی بـار و دۆخـی نالەبـاری ئابـۆری. سیاسـت لـە مەیدانـی ئابـۆری دا بـە تایبەتـی لـە داخـوازە ئەخلاقیەکانـی خەڵـک پێـک دێ. کاتێـک کـە خەڵـک لـە دژی ئـەو وەزعـە نالەبـارە پرووتێسـتۆ دەکـەن، بـە زووتریـن کات بـە دژە شـۆڕش، سـیخوری ئەمپریالیزمـی ئامریـکا، سـەهیۆنیزم و یـان عێـراق نێودێـر دەکرێـن.

قاسـملوو دەڵـێ کـە لـە ٦ی فوریـە لـە تـاران خۆپێشـاندانێک ڕێکخـرا. ئـەوە بـووە هـۆی ئـەوە کـە ٤ کـەس بکوژرێـن و بـە دەیـان کـەس برینـدار بـن.



**50 000 henrettet i Iran**

Paris (NTB-Reuter): 50.000 mennesker er blitt henrettet i Iran etter at sjahen ble styrtet i 1979. Det sier formannen for Det kurdiske demokratiske parti (KDP), Abderhaman Ghassemlou, i et intervju med den franske avisen Le Matin.

Ifølge Ghassemlou har om lag 100.000 mennesker blitt fengslet på grunn av politiske anklager etter den islamske revolusjonen i Iran.

KDP's geriljastyrker har kjempet mot iranske regjeringssoldater i over 25 år. Ghassemlou hevder at dagens iranske ledere er verre enn det regimet som ble fjernet i 1979. — Det som foregår er mye verre enn under sjahens diktatur, fremholder kurderlederen.

Kurderne utgjør 16 prosent av befolkningen i Iran. «De kjemper for selvstyre i fjellområdene i nordvest og i grenseområdene mot Tyrkia og Irak.

KDP er den viktigste organisasjonen i de iranske kurdernes kamp for selvstyre. De har også kontakt med andre motstandere av dagens iranske regime, blant annet Mujaheddin-bevegelsen og tilhengere av tidligere president Abolhassan Bani Sadri.

نوورلاندس پۆستن، ڕیکەوتی ٢١.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٩

https://www.nb.no/items/f888f38bfccfefe86e47791092df1815?page=7&searchText=Ghassemlou

---

## ز. بەشێک لە جینایەتەکانی ڕێژیمی خومەینی - کوشتنی ٥٠ هەزار کەس

**ڕۆژنامەی ناشۆنێن (Nationen) ڕێکەوتی ٢٠.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٧ و ڕۆژنامەی نوورلاندس پۆستن (Nordlandsposten) ٢١.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٩**

**لە دوای شاە، پەنجا هەزار کەس لە ئێران دا ئێعدام کراون/گولەباران کراون**



# 50 000 henrettet i Iran etter sjahen

Paris (NTB-Reuter): 50.000 mennesker er blitt henrettet i Iran etter at sjahen ble styrtet i 1979. Det sier formannen for Det kurdiske demokratiske parti (KDP), Abderhaman Ghassemlou, i et intervju med den franske avisen Le Matin.

Ifølge Ghassemlou har om lag 100.000 mennesker blitt fengslet på grunn av politiske anklager etter den islamske revolusjonen i Iran.

KDPs geriljastyrker har kjempet mot iranske regjeringssoldater i over 25 år. Ghasselou hevder at dagens iranske ledere er verre enn det regimet som ble fjernet i 1979. Det som foregår er mye verre enn under sjahens diktatur, framholder kurder-lederen.

Kurderne utgjør 16 prosent av befolkningen i Iran. De kjemper for selvstyre i fjellområdene i nordvest og i grenseområdene mot Tyrkia og Irak.

KDP er den viktigste organisasjonen i de iranske kurdernes kamp for selvstyre. De har også kontakt med andre motstandere av dagens iranske regime, blant annet Mujaheddin-bevegelsen og tilhengere av tidligere president Abolhassan Bani Sadri.

ڕۆژنامەی ناشۆنێن، ڕێکەوتی ٢٠.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٧

https://www.nb.no/items/b9f2c3c244a6d2f2cafc0d58a9ec272d?page=5&searchText=Ghassemlou

پاریس (ئێن تێ بێ NTB- ڕۆیتێر): ٥٠ هەزار مرۆڤ لە دوای کەوتنی شاه لە ١٩٧٩ەوە لە ئێران دا ئێعدام کراون. ئەوە عەبدولرەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێک دا لە گەڵ ڕۆژنامەی فەرانسەویی لێ مارتین دەڵێ.

بە گوێرەی قاسملوو، نیزیکەی ١٠٠ هەزار کەس بە تۆمەتی سیاسی لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دا زیندانی کراون.

پێشمەرگەکانی KDP (حیزبی دێموکراتی کوردستان) زیاتر لە ٢٥ ساڵە بە دژی هێزەکانی ئێران شەڕیان کردووە. قاسملوو دەڵێ کە ڕێبەرانی ئێستای ئێران لە ئەوانەی کە لابراون لە ١٩٧٩ دا، خراپترن. – ڕێبەری کوردەکان دەخاتە روو کە ئەوەی کە روو دەدات زۆر خراپترە لەوەی کە لە ژێر دیکتاتۆرییەتی شاه دا دەقەوما.

کـوردەکان ١٦٪ی دانیشـتوانی ئێـران پێـک دێنـن. ئـەوان بـۆ خۆبەڕێوەبـردن [خودموختـاری] لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی باکـووری ڕۆژئـاوا و ناوچـە سـنوورییەکانی ڕەخـی (بـەرەو لای) تورکیـا و عێـراق، تێدەکۆشـن.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان گرینگتریـن ڕێکخـراوە لـە خەبـات بـۆ خۆبەڕێوەبـری لـە کوردسـتانی ئێـران دا. ئـەوان هەروەهـا لـە گـەڵ دژبەرانـی ئێسـتای ڕێژیـم پێوەندییـان هەیـە، لـە نێویـان دا بزووتنـەوەی موجاهدیـن و لاینگرانـی سـەرۆک کۆمـاری پێشـوو، ئەبوولحەسـەنی بەنـی سـەدر.



Anklage mot Iran

50 000 mennesker er blitt henrettet i Iran efter at sjahen ble styrtet i 1979, hevder formannen for Det kurdiske demokratiske parti (KDP), Abderhaman Ghassemlou, i et intervju med den franske avisen Le Matin. Ifølge Ghassemlou har ca. 100 000 mennesker blitt fengslet på grunn av politiske anklager efter den islamske revolusjonen i Iran. KDPs geriljastyrker har kjempet mot iranske regjeringssoldater i over 25 år. Ghasselou hevder at dagens iranske ledere er verre enn det regimet som ble fjernet i 1979. (NTB—Reuter)

ڕۆژامەی ناشۆنێن، ڕێکەوتی ٢٠.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٧

https://www.nb.no/items/ddad2fb289e5210e61a47c4cf611a250?page=5&searchText=Ghassemlou

---

## ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن ( *Aftenposten*)، ڕێکەوتی ١٩.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٦

### تاوانبارکردنی ئێران

٥٠ هەزار مرۆڤ لە دوای کەوتنی شاە لە ١٩٧٩ەوە لە ئێران دا ئێعدام کراون. ئەوە عەبدولرەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێک دا لە گەڵ ڕۆژنامەی فەرانسەویی لێ مارتین دەڵێ. بە گوێرەی قاسملوو نیزیکەی ١٠٠ هەزار کەس بە تۆمەتی سیاسی لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دا زیندانی کراون. پێشمەرگەکانی KDP (حیزبی دێموکراتی کوردستان) زیاتر لە ٢٥ ساڵە بە دژی هێزەکانی ئێران شەڕیان کردووە. قاسملوو دەڵێ کە ڕێبەرانی ئێستای ئێران لە ئەوانەی کە لابراون لە ١٩٧٩ دا، خراپترن. (ئن تێ بێ - ڕۆیتێر).



# Henrettelser i Iran

PARIS (NTB-Reuter): 50 000 mennesker er blitt henrettet i Iran etter at sjahen ble styrtet i 1979. Det sier formannen for Det kurdiske demokratiske parti (KDP), Abderhaman Ghassemlou, i et intervju med den franske avisen Le Matin.

Ifølge Ghassemlou har om lag 100 000 mennesker blitt fengslet på grunn av politiske anklager etter den islamske revolusjonen i Iran.

ڕۆژنامەی کلاسسەکامپن ڕێکەوتی ٢١.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ١٣

https://www.nb.no/items/ee05aff9b4e9e510c86bdd80e7b4dabb?page=15&searchText=Ghassemlou

---

## ڕۆژنامـەی کلاسسـەکامپن (klassekampen) ڕێکەوتـی ٢١.١٠.١٩٨٣، لاپـەڕەی ١٣

### ئێعدامکردنەکان لە ئێران دا

پاریـس (ئـن تـێ بـێ – ڕۆیتێـر): ٥٠ هـەزار مـرۆڤ لـە دوای کەوتنـی شـاه لـە ١٩٧٩ەوە لـە ئێـران دا ئێعـدام کـراون. ئـەوە عەبدولرەحـمان قاسـملوو، ڕێبـەری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە وتووێژێـک دا لـە گـەڵ ڕۆژنامـەی فەرانسـەویی لـێ مارتیـن دەڵـێ.

بـە گوێـرەی قاسـملوو نیزیکـەی ١٠٠ هـەزار کـەس بـە تۆمەتی سیاسـی لـە دوای شۆڕشـی ئیسـلامی لـە ئێـران دا زیندانـی کراون.


*Iran-regimet:*
**50.000 henrettet**

Paris (NTB-Reuter): 50.000 mennesker er blitt henrettet i Iran etter at sjahen ble styrtet i 1979. Det sier formannen for Det kurdiske demokratiske parti (KDP), Abderhaman Ghassemiou, i et intervju med den franske avisen Le Matin.

Ifølge Ghassemlou har om lag 100.000 mennesker blitt fengslet på grunn av politiske anklager etter den islamske revolusjonen i Iran.

KDPs geriljastyrker har kjempet mot iranske regjeringssoldater i over 25 år. Ghasselou hevder at dagens iranske ledere er verre enn det regimet som ble fjernet i 1979.

— Det som foregår er mye verre enn under sjahens diktatur, framholder kurder-lederen.

ڕۆژنامەی تروندر ئاڤیسا ، ڕێکەوتی ٢٠.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٧
https://www.nb.no/items/1a60daec9bb4fa6bc23b7376539d68ef?page=5&searchText=Ghassemlou

## ڕۆژنامەی تروندر ئاڤیسا (Trønder Avisa)، ڕێکەوتی ٢٠.١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٧


### ڕێژیمی ئێران: ٥٠ هەزار ئێعدام کران

پاریس (ئن تێ بێ NTB- ڕۆیتێر): ٥٠ هەزار مرۆڤ لە دوای کەوتنی شاه لە ١٩٧٩ەوە لە ئێران دا ئێعدام کراون. ئەوە

عەبدولرەحـمان قاسـملوو، رێبـەری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە وتووێژێـک دا لـە گـەڵ ڕۆژنامـەی فەرانسـەویی لـێ مارتیـن دەڵـێ.

بـە گوێـرەی قاسـملوو نیزیکـەی ١٠٠ هـەزار کـەس بـە تۆمەتی سیاسـی لـە دوای شۆڕشـی ئیسـلامی لـە ئێـران دا زیندانـی کراون.

پێشمـەرگەکانی KDP (حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان) زیاتـر لـە ٢٥ سـاڵە بـە دژی هێزەکانـی ئێـران شـەڕیان کـردووە. قاسـملوو دەڵـێ کـە رێبەرانـی ئێسـتای ئێـران لـە ئەوانـەی کـە لابـراون لـە ١٩٧٩ دا، خراپـترن. - رێبـەری کـوردەکان دەخاتـە روو کـە ئـەوەی کـە روو دەدات زۆر خراپـترە لـەوەی کـە لـە ژێـر دیکتاتۆرییەتـی شـاە دا دەقەومـا.


PARIS: 50.000 mennesker er blitt henrettet i Iran etter at sjahen ble styrtet i 1979. Det sier formannen for Det kurdiske demokratiske parti (KDP), Abderhaman Ghassemlou.

ڕۆژنامەی ئادرێسسە ئاڤیسن، ڕێکەوتی ٢٠١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٨
https://www.nb.no/items/15c26f4c7869fd2393c9562725fd97b4?page=7&searchText=Ghassemlou

## ڕۆژنامەی ئادرێسسە ئاڤیسن (Adresseavisen)، ڕێکەوتی ٢٠١٠.١٩٨٣، لاپەڕەی ٨

پاریس (ئن تێ بێ NTB- ڕۆیتێر): ٥٠ هەزار مرۆڤ لە دوای کەوتنی شاە لە ١٩٧٩ەوە لە ئێران دا ئێعدام کراون. ئەوە عەبدولرەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەڵێ.

# بەشی سێهەم

## خەباتی ئێمە وەک خەباتێکی ڕەوا

## (خەباتی ڕەوا لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە)

## خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە

## هاوڕێیانی هێژا و خەباتگێڕ!

سڵاوتان لێ بێ و پڕ بە دڵ سوپاسی ئێوە و کۆمیتەی حیزب لە نورویژ دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان دا بە من کە بتوانم ئەمڕۆ بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی گەورە ڕێبەر، مامۆستا و شۆڕشگێڕی کورد، شەهید دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، و هاوڕێی هەمیشەیی کاک دوکتۆر، کاک عەبدوڵلا قادری ئازەر، و هەروەها لە ساڵیادی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی قۆناغی نوێی خەباتمان دا - شەهیدانی ڕاسان- لە خزمەت ئێوەی هێژا و تێکۆشەڕ دا بم.

شکم لەوەدا نیە کە هەمووتان کاک دوکتۆر و ژیان و بەسەرهاتەکەی لە من باشتر دەزانن. بۆیە بە پێویستم نەزانی کە لەو یادەدا جارێکی دیکە ژیاننامەی کاک دوکتۆرتان بۆ بگێڕمەوە. من هەر لە منداڵییەوە وەک زۆربەی منداڵانی کورد نێوی کاک دوکتۆرم بیستبوو و حیزبی دێموکراتم بە ناو دەناسی و دەمزانی کە بۆ مافی کورد خەبات دەکەن. بەڵام لەو کاتەرا کە بوومە پێشمەرگە و ئاشنایەتیم لە گەڵ بیر و هزری کاک دوکتۆر پەیدا کرد تا ئەمڕۆ، هەر ڕۆژ بە دوای ڕۆژ زیاتر گەورەیی ئەو ڕێبەرە تاکانە و بێهەمپایەی کوردم بۆ دەردەکەوێ و خۆشەویستی، ڕێز و ئەڤینداریم بۆ ئەو و ڕێبازەکەی زێدەتر لە دڵ و هزرم دا پەرە دەستێنێ و گەشە دەکا. کاک دوکتۆر نەک تەنیا لە بواری زانستەکانی ئابوری، ڕامیاری، مێژوو و مودیرییەت و بەڕێوەبەری دا مامۆستا و ئوستاد بوو، بەڵکوو ئەو زۆر باش شارەزای علمی فەلسەفەش بوو و بیر و هزرە سیاسیەکانی لە

سەر بناغەی زانستی فەلسەفەن کە لە گەڵ واقعیەت دا هەماهەنگ کراون. بۆیە من لێرەدا یەکێک لە وتە هەرە بەنرخەکانی شی دەکەمەوە و تا کو بزانین ئەو وتەیە و زۆربەی وتەکانی کاک دوکتۆر هەر یەک بە تەنیایی کلیلێکی زێرینە بۆ کردنەوەی دەرگای زانست بەرەورووی ئێمە و هەر کامەیان بە تەنیایی بۆ ئەوە دەبن کە لێکۆڵینەوەی زانستیانە لە سەری بکرێن.

ئەو وتەیە بەناوبانگە ئەوەیە کە دەڵێ: «خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە، خەبات بۆ ئازادی میللەتێکە، خەبات بۆ دواڕۆژی منداڵەکان و نەسلەکانی دیکەیە.»

باشە خەباتی ڕەوا چیە و چ خەباتێک بە ڕەوا دادەنرێ کە خەباتی ئێمەش بە لە بەرچاوگرتنی پێوانەکانی شەڕی ڕەوا، بە ڕەوا حیساب بکرێ؟ دوکتۆر قاسملوو لە بەر چی هەوڵی دەدا کە خەباتی گەلی کورد لە ڕیزی خەباتە ڕەواکان دا دەستەبەندی بکا؟

**هاورێیان!**

خەباتی ڕەوا یان شەڕی ڕەوا، ڤەگۆتنێکی حقوقی/یاسایی و ئەخلاقییە لە سەر شەڕ. لە ڕەوتی مێژوو دا ئەگەر چی هەل و مەرجەکانی ڕوودانی شەڕ و پێکدادانەکان دە گۆردرێ، بەڵام چالێنجەکانی بنەرەتیی ئەخلاق لە بواری شەر دا هەر ئەو شتانەن کە کە رابردوودا بوونیان هەبووە. بە سادە و ساکار باس لەوە دەکەن کە کام یەک لە شەڕەکان مەشرووع و ڕەوان و دەبێ چۆن و بەکام کەرەستە وەها شەڕێک بکرێ.

بۆ ئەوەی کە کەسێک بتوانێ تێبگات کە شەڕێک ڕەوایە یان نا، بە دوو ڕێگادا دەتوانێ ئەو کارە بکات: ١. دەتوانێ لە دەستپێک دا پرینسیپە بنەرەتیەکانی ئەخلاقی دەستنیشان بکا و بپرسێ کە کام پێوان

بـۆ شـەڕی ڕەوا دەتوانـێ لـەو پرینسـیپە ئەخلاقیانـەوە سـەرچاوە بگـرێ و ٢. ئـەو پێوانانـەی کـە بـۆ شـەڕی ڕەوا لـە ڕەوتـی مێـژوو دا بوونیـان هەیـە، بەررەسـی بـکا و چـاو لـێ بـکا کـە هـەر یـەک لـەو پێوانانـە چـۆن خـۆی لـە گـەڵ پرینسـیپ و نەرخـە بنەڕەتییەکانـی ئەخـلاق ڕێـک دەخـا.

مەبەسـت لـەو کارە ئەوەیـە کـە ئەخـلاق و پرینسـیپە ئەخلاقیەکانن کە ڕێنیشـاندەری ئێمـەن بـۆ ئـەوەی بزانیـن کارێـک هەڵەیە یان دروسـت.

لـە سـەر شـەڕ چەندیـن بیـر و ڕای جیـاواز هەیـە و هـەر تێئوریـەک بـە جۆرێـک دەروانێتـە شـەڕ. بـۆ نموونـە: پاسیفیسـتەکان شـەڕ لـە تەواویەتـی خـۆی دا ڕەد دەکـەن و بـە خراپـی دەزانـن و هیـچ پاسـاوێکی دیکـەش قەبـووڵ ناکـەن کـە کەسـێک یـان لایەنێـک بـەو هۆیـەوە شـەڕێک دەسـتپێ بـکا. لـە بـەر ئـەوەی کـە ئـەوان شـەڕ بـە شـتێکی بـە تـەواوی خـراپ دەزانـن کـە هیـچ خیرێکـی تێـدا نیـە. لـە لایەکـی دیکـە ڕئالیسـتەکان هـەن کـە هەمـوو شـتێک لـە هێـز دا دەبینـن. ئەگـەر چـی لـە گـەڵ پاسیفیسـتەکان هـاوڕان و شـەڕ بـە خـراپ دەزانـن، بـەڵام لـە بـەر هێندێـک هـۆی دیکـە ئاکامێکـی دیکـە وەردەگـرن. ئـەوان شـەڕ بـە شـانۆگەریەک پێناسـە دەکـەن بـۆ بـەکار هێنانـی چـەک و هێـز، ئەوجێگایـەی کـە بریتیـە لـە مـردن و ژیـان. یانـی ئـەوان مـرۆڤ بـۆ ئاسـتی مرۆڤەکانـی سـەرەتایی دادەبەزێنـن کـە مـرۆڤ دەبـێ بـۆ پاراسـتنی خـۆی و ئـەو گرووپـە هـەوڵ بـدات کـە تێیـدا بەشـدارە و خوێشـی سـەر بـەو گرووپەیـە. لـە دونیایەکـی وەهـا دا لێکدانـەوەی ئەخلاقـی و حقوقـی/ یاسـایی جێـگای نابێتـەوە.

کـورت و کورمانجـی هـزری ئـەوان ئەوەیە کـە دەڵێن: لە خۆشەویسـتی و شـەڕ دا هەمـوو شـتێک ڕێگـە پێـدراو و ڕەوایە.بـە واتایەکـی دیکـە بیـر و هـزری ئەخلاقـی لای ئـەوان بـێ مانان.ڕاسـت ئـەو شـتەی کـە ڕێژیمـی

ئاخونـدی دەیکات.

شـەڕ راسـتی و واقعیەتـی مرۆڤـەکان دەردەخـات و نیشـان دەدات و دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ناوەرۆکـی راسـتەقینەی مرۆڤـەکان ببینـدرێ (مەبەسـت ناخیانـە). ئەوانـەی کـە واقعیەتـی نامرۆڤانەیـان دەردەکـەوێ، دەکەونـە پاسـاو هێنـان بـۆ کردەوەکانیـان و بـۆ نموونـە، ئـەو کردەوانـە بـە «سرووشـتی شـەڕ» نـاو دەبـەن. یانـی بـەو شـێوە دەیانـەوێ پاسـاو بـۆ کارە نامرۆڤەکانیـان بهێننـەوە و بـە رەوا نیشـانیان بـدەن.

دا هۆگـۆ گراتیـۆس (Da Hugo Grotius) کـە لـە سـەدەی ١٧ی زایینـی دا دەژیـا، لـە سـەر ئـەو مەسـەلەیە دەڵـێ: بـۆ هـەر دوو بیـری توندئـاژۆی پاسـیفیزم و رئالیـزم دەبـێ رێگاچارەیـەک بدۆزرێتـەوە، کـە نـە هەمـوو شـتێک رێگـە پێـدراوە و نـە هەمـوو شـتێک قەدەغەیـە.

لـە کاتـی شـەڕ دا پێویسـتە کـە ئێمـە بتوانیـن لـە نێـوان خێـر و شـەر دا پارسـەنگێك دروسـت بکەیـن. یانـی ئەگـەر ئێمـە کەوتینـە هەڵومەرجێـک کـە تێیـدا چەندیـن ئەرکـی ئەخلاقـی پێکـەوە بەرخـورد دەکەن (تەسـادوف دەکـەن)، دەبـێ بتوانیـن بارودۆخەکـە هەڵسـەنگێنین و لـە نێـوان ئـەو ئەرکانـە دا، زیاتـر سـەرنج بدەینـە سـەر ئـەو ئەرکـە کـە لـە هەمـووان گرینگـترە. لـە شـەڕی رەواش دا هـەر وایـە. بـۆ نموونـە وەک ئەرکێکـی ئەخلاقـی، نابـێ ئێمـە خەسـار بـە کەسـێک بگەیینـین و برینـداری بکەیـن. هەروەهـا ئەرکـی ئێمەیـە کـە خۆمـان بپارێزیـن هـەر کاتێـک دەکەوینـە بـەر هێـرش. پێویسـتە کـە ئێمـە وەک ئـەرک، بەرگـری لـە خۆمـان بکەیـن بـۆ راوەسـتاندنی لایەنـی هێرشـکەر و بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەگـەر پێویسـت بـکا، زەربـەش لێـی بوەشـێنین. یانـی لـە کاتـی شـەڕ دا پرینسـیپی بەرگـری لـە خـۆ کـردن لـە پێـش هەمووشـتێکەوەیە و ئـەو پرینسـیپە ئەولەویەتـی هەیـە.

یانــی هــەر کەســێک کــە شــەڕێک دەســتپێدەکا، بــۆ ئــەوەی کــە شـەڕەکەی رەوا بێتـە ئەژمـار، دەبـێ هۆکارێکـی جێـگای پەسـەندی هەبـێ، هەمــوو رێگاکانــی دیکــەی تاقــی کردبێتــەوە و شــەڕ بووبێتــە ئاخریــن رێـگای دەربازبـوون. یانـی ئـەو کەسـە شـەڕ دەکا بـۆ ڕاوەسـتاندنی شـەڕ، بـۆ خۆپاراسـتن و بـۆ ئاشـتی. (قاسـملوو:١. ئێمـە شـەڕ ناکەیـن بـۆ شـەڕ، شـەڕ دەکەیـن بـۆ ئاشـتی. ٢. ئێمـە دەبـێ ئەوەنـدە زەربـە لـە دوژمـن بدەیــن تــا دەڵــێ بــۆ وا دەکــەن!؟ چیتــان دەوێ!؟ ئــەوکات ئێمــەش دادەنشـین و پێیـان دەڵێـن چیـمان دەوێ. ئـەوە پـێ دەڵێـن موزاکـرە. ٣. ئەسـلەحەی ئێمـە لـە کاتـی ئێسـتا دا تەنیـا وەسـیلەیە کـە هەمانـە بـۆ دیفـاع لـە خـۆ کـردن. بـەڵام ئێمـە تـا ئاخـر ناتوانیـن ئـەو ئەسـلەحەیە راگریـن. ئاڵترناتیڤـی ئـەو ئەسـلەحەیە دێموکراسـیە).

لـە رابردوویەکـی کۆنـەوە بیرۆکـەی شـەڕی رەوا لـە ئارادایـە. هـەر لـە سـەردەمی ئانتیکـەوە تـا ئێسـتا و، لـە زۆربـەی ئۆلـەکان و کولتـوورەکان دا بوونـی هەیـە. لـە سـونەتی مەسـیحیەت دا ئاگۆسـتین یەکمیـن کـەس بـووە کـە باسـی شـەڕی رەوا کـردووە.

"We go to war، that we may have peace".

ئـەو هەروەهـا دەڵـێ کـە شـتی خـراپ و ئێـش هێنـەر دەکـرێ بـاش بـێ، بـەو مەرجـەی مەبەسـت(نیەت) لـەو شـتە چـاک بـێ.

لـە سـەر نیەتـی گەلـی کـورد بـۆ خەبـات، دوکتـۆر قاسـملوو دەفەرمـێ: «خەباتــی ئێمــە بــۆ ئــازادی میللەتێکــە، خەبــات بــۆ دواڕۆژی منداڵــەکان و نەسـلەکانی دیکەیـە». لێـرەدا دیـارە کـە پرینسـیپی ئاماژەپێکـراو لـە پرینســیپە ئەخلاقیەکانــی فەلســەفەی ئووتیلیتاریســتیە کــە دروســتی و نادووریسـتیی کارەکان بـە پێـی ئاکامـی کارەکانـە. ئەگـەر ئاکامەکـە بـاش بـێ بـۆ بەختیاریـی زۆرینـە، ئـەو کارێکـی دروسـت و ئەگـەر واش نەبـێ،

ئـەوە نادروسـتە. کـە لێـرەدا لـە بـەر ئـەوەی کـە ئازادیـی گەلێـک بـە قازانجـی زۆرینـەی تاکەکانـی ئـەو گەلەیـە، کارێکـی دروسـتە؛ ئەگـەر چـی نرخـی دەوێ.

بەرێزان!

زانایان شەڕی ڕەوا لە نێوان ٣ ڕەهەند دا دابەش دەکەن:

- Jus ad bellumدروستی لە دەستپێکردنی شەڕدا
- Jus in bello دروستی لە کاتی شەڕ دا
- Jus post bellum دروستی لە دوای شەڕدا

## دروستی لە دەستپێکردنی شەڕ دا:

بـۆ دەسـتپێکردنی شـەڕ دەبـێ شـەش تایبەتمەنـدی وەبەرچـاو بگیرێـن تـا کـو ئـەو شـەرە ڕەوا بێتـە ئەژمـار. ئـەو شـەش تایبەتمەندیانـە بریتیـن لـە:

■ دەبـێ بـۆ دەسـتپێکردنی شـەڕ، هۆکارێکـی دادپەروەرانـە هەبـێ. لێـرەدا بەرگـری لـە خۆکـردن وەک هۆکارێکـی گرینـگ و سـەنتراڵ دێتـە ئەژمـار. ئەگـەر نەتەوەیـەک یـان وڵاتێـک بکەوێتە بـەر هێـرش، وڵامدانەوە بـەو هێرشـە، دادپەروەرانـە و دروسـتە. هەروەهـا لـە پێوەندیەکانـی نێونەتەوەییـش دا بـۆ پشـتیوانی لـە شـەڕی ڕەوا، «دەسـتێوەردانی مرۆڤدۆسـتانە» هەیـە کـە وەک عـورف بـۆ پشـتیوانی لـە لایەنـی هێـرش بۆکـراو بـە کار دەبـردرێ. یەکێـک لـە ڕێگاکانـی حیسـاب کردنـەوەی ئـەو دەسـتێوەردانە ئەوەیـە کـە لـە نێـوان بـە هانـا دا نەچوونـەوەی خەڵکـی لێقەومـاو و ئـەو نرخـەی کـە بـە دەسـتپێکردنی شـەڕ بـۆ سرینـەوەی ئـەو حکوومەتـەی کـە زوڵمـی لـە خەڵکـی لێقەومـاو کـردووە، بزانیـن کـە کامەیـان بـە قازانجـترە.

هۆیەکی دیکەش هەیە کە بە «هێرشی پێشگیرانە» بە ناوبانگە و لە هەڵ و مەرجی تایبەت دا جێگای پەسەندە. یانی هێرش بە مەبەستی پاراستنی خۆی یان خەڵک.

ئەوە ڕیژیمی خومەینی و دوژمنانی کوردن کە شەڕیان بە سەر کورد دا سەپاندووە و گەلی کورد بۆ پاراستنی خۆی، ناچاربووە بۆ دیفاع لە خۆی و مافەکانی دەست بداتە چەک. بە داخەوە کۆمەڵگای نێونەتوەیی لە سەر شەڕی ڕەوا لە کوردستان دا و ئەو جینایەتانەی کە ڕێژیمی خومەینی دەرحەق بە گەلی کوردی کرد/دەیکات، بێدەنگیی هەڵبژارد/هەڵبـژاردووە. ئەگەر چی کاک دوکتۆر قاسملوو لە ڕیگای خەباتی دیپلۆماتیکەوە زۆر هەوڵی دا کە بیر و ڕای گشتی و ڕای کاربەدەستانی وڵاتان بۆ لای ئەم مەسەلەیە ڕاکێشێ. بەڵام ئەوان خەڵکی کورد و خەباتە ڕەواکەیان لە ڕۆژهەڵات بە تەنیا هێشتەوە.

- دووهەم هۆ ئەوەیە کە شەڕ دەبێ وەک ئاخرین ڕێگاچارە بێ. یانی بێجگە لە شەڕ، ئالترناتیڤی دیکە لە بەر دەست دا نەبن. (قاسملوو: ئێمە شوعاری لە خۆڕامان نەداوە. لە کاتی شەڕ دا شەڕمان کردووە و لە کاتی ئاشتی دا، ئاشتی). لە جێگایەکی دیکە دا دوکتۆر قاسملوو دەڵێ کە ٩٠٪ی ئێرانیەکان موخالیفی ڕێژیمی خومەینین. بەڵام ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە ئیمکانی نیە بەڵکوو بۆ وەدەست هێنانی ئامانجێکی ئەوتۆ تەنیا ڕێگا خەباتی چەکدارانەیە.
- حیساب کردنی زیان و زەرەری شەڕ
- لێکدانەوەی شانسی سەرکەوتن

قاسملوو لەو بارەشەوە حیسابی زیان و زەرەرەکە دەکات کاتێک کە دەڵێ: «ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسلە ئەرکی خۆمان بەچاکی

بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ، هەروەها ئەگەر نەسلی رابردوو یا نەسلەکانی رابردو بەچاکی ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابا رەنگ بێ نەسلی ئێمە شەهیدی نەدەبوو.» لە لایەکی دیکە قاسملوو دەڵێ: «پایگا گرتن باشە، بەڵام بە هەموو نرخێک باش نیە. هەروەها بڕیاری پاشەکشەی پێشمەرگە لە شار و گوندەکان و گۆڕینی شەڕی جبهەیی بە پارتیزانی، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم دووخاڵەی سەرەوە.

هەر وەها بۆ ئەوەی کە شەهید دوکتۆر قاسملوو لێکدانەوە لە سەر شانسی سەرکەوتن بکا، دەڵێ کە :» ئەو خەباتەی ئێمە ئاکامی دەبێتە دوو شت؛ هەم گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکات و هەم میللەتەکەمان رزگار دەکا بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا شەهیدمان نەبێ». لە راستی دا نەتەوەیەکی بندەست هیچ ریگایەکی دیکەی نیە بۆ خۆ دەربازکردن لە ئەو هەموو نەهامەتی و زوڵم و زۆرییە، بێجگە لەوەی کە خۆی ئازاد کا. بۆیە شانسی سەرکەوتن بۆ خەباتەکەمان نابێ نە بۆ خۆمان تێیدا شک و گومانمان هەبێ و نەش ئیزن بە کەس بدەین کە ئەو ئامانجە، ئەو شانسە، بخاتە جیگای شک و گومانەوە. کاک دوکتۆر سێ هۆی سەرەکی ناو دەبات و دەڵێ کە ئەو سێ هۆکارە بە قازانجی ئێمە کار دەکەن و ئەگەر لەو سێ هۆیە بە شێوەیەکی ئاقڵانە کەڵک وەربگرین، هیچ کەس ناتوانێ تێکمان بشکێنێ: پشتیوانیی گەل لە خەباتی ئێمە، سیاسەتی واقعبینانە کە دایم بە سەر رێرەوی سیاسیی ئێمە دا دەسەڵاتی هەبووە و پێشمەرگەکانمان.

ئەو چوارخاڵەی سەرەوە بۆ ئەوە بوون کە کەسێک بتوانێ بریار بدات کە بچێتە بۆ شەڕ یان نا.

- پێنجەمین خاڵ، هەبوونی»مەبەستی دروستە» کە گرێدراوە بە

بارودۆخـی رووحـی وەدەروونـی. بـەو مانایـە کـە کام کـردەوە بـە هـۆی کام ئەنگیـزەوە دەکـرێ. مەبەسـتی دروسـت یانـی ویسـتی ئەنجامدانـی کارێـک کـە لـە گـەڵ پرەنسـیپ و هـۆکاری رەوا یـەك بگرێتـەوە.

بـۆ نموونـە: شـەهید دوکتـۆر قاسـملوو بـە دەیـان جـار هـۆکاری خەباتـی گەلـی کـورد روون دەکاتـەوە و گرێـدەدات بـەوەوە کـە گەلـی کـورد بـۆ مـاف و ئازادیـی خـۆی خەبـات دەکا. یانـی لـە کاتـی شـەڕ دا، تەنیـا هۆکارێـک کـە ئەنگیـزە دەداتـە پێشـمەرگە کـە بـۆوەی بچێتـە شـەڕ و زەربـە لـە دوژمـن بـدات، لـە پێنـاوی گەییشـتن بـە مـاف و ئازادیـی گەلـی کـورد دا یـە. لـە بـەر ئـەوەی کـە بـە وتـەی دوکتـۆر قاسـملوو « کۆمـاری ئیسـلامی ڕێژیمێکـە کـە لـە گـەڵ ڕێژیمەکانـی دیکـە جیاوازیـی هەیـە. ئـەو ڕێژیمـە ڕێـز بـۆ هیـچ ئەسـڵێک، بـۆ هیـچ مێعیارێـک و بـۆ هیـچ قانوونێکـی نێونەتەوەیـی دانانـێ».

■ خاڵـی شەشـم «ئوتووریتـەی مەشرووعـە». ئـەو پرینسـیپە لـە سـەر ئـەوە پێداگـری دەکات کـە کـێ بـۆ بریـاردان لـە سـەر دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ خاوەنـی ئوتووریتـەی مەشرووعـە. لـە بـەر ئـەوەی کـە لـە کاتـی شـەڕ دا هێـزی چـەک بـەکار دەبـردرێ، زۆر گرینگـە کـە دەبـێ بریـاری دەسـتپێکردنی شـەڕ لـە دەسـتی هێـزی چەکـدار دا نەبـێ.

لـەو کاتـەرا کـە حیزبـی دێموکـرات دامـەزراوە، خاوەنـی سـتروکتوور و هەیکەلـی خـۆی بـووە. بـەڵام لـەو کاتـەرا کـە کاک دوکتـۆر بـووە بـە سـکرتێری حیـزب، حـدکا بـووە بـە خاوەنـی سـتروکتوورێکی رێـک و پێـک و دیـار کـە لـوێ دا جێـگای هـەر کەسـێک لـەو هەیکەلـە رێکخراوەییـەدا دیـار بـووە و بریـارەکان بـە کۆمـەڵ، لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە، لـە سـەر بناغـەی بەرژەوەندییەکانـی گەلـی کـورد بـووە و بەرپرسـەکان بـە شـێوازێکی دێموکراتیـک بـۆ پۆسـتەکانیان هەڵبژێـردروان. دوکتـۆر

قاسملوو لە سەر شێوازی بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی حیزب دەڵێ کە لە حدکا دا سێ بەشی مودیرییەتی بوونیان هەیە کە بریتین لە: کۆنگرە بۆ دارشتنی سیاسەتە گشتیەکان، کۆمیتەی ناوەندی (ریبەری) بۆ ئەوەی کە ئەو سیاسەتانە بکاتە بە ئەرک و لە دوایی دا جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان. و هەروەها ئەوەی کە لە حیزب دا بەشی چەکداری هەموو کاتێک لە خزمەت بەشی سیاسی دایە و خەبات لە لایەن ڕێکخراوەوە بەرێوە دەچێ.

### دروستی لە کاتی شەڕدا:

لە راستی دا دوو خاڵی تەناسوب و تەفاوەت لە گەڵ دوکترێنی کاریگەریی دووگانە گریدراون بە دروستی لە کاتی شەڕ دا.

«Proporsjonalitet og differensiering og dobbel effekt »

خاڵی تەناسوب بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری هێزی چەکداری لە کاتی شەڕ دا مەحکووم دەکا. یانی بە کار هێنانی لە ڕادەبەدەری هێز بۆ قەلاچۆکردن و وێران کردنە و بۆیە لە شەڕی رەوا دا ڕێگەپێنەدراوە. ئێمە بۆ کوشتن شەڕ ناکەین. هەر ئەوەی کە باس دەکەن شەڕ بە سەر ئێمە دا سەپاوە، فەرمانی جیهاد لە سەر کورد دراوە لە لایەن ڕێژیمەوە و.. بەڵام پێشمەرگەکانی حیزب تەنانەت لە کاتی پایگا گرتن دا هەوڵیان دەدا کە کەمترین ڕێژە لە هەر دوو لا بکوژرێن. بۆیە زۆرترین هەوڵیان ئەوە بوو کە پاسدار و سەربازی ڕێژیم بە دیل بگرن و سیاسەتەکانی حیزبیان بۆ ڕوون کەنەوە، نەک ئەوەی کە بیانکوژن.

تەناسوب لە «دروستی بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ» پێوەندی بەو هەل و مەرجەوە هەیە کە مرۆڤ تووشی دەبێ و بە سەری

دا دەکـەوێ. بـەڵام خاڵـی تەناسـوب لـە «دروسـتی لـە کاتـی شـەڕ دا» پێوەنـدی بـە تـاک بـە تاکـی شـەڕەکانەوە هەیـە. یانـی بـەکار هێنانـی هێـز دەبـێ بـەو ڕادەیـە بـێ کـە مـرۆڤ بگەیەنێتـە ئـەو ئامانجـەی کـە لـە عەمەلیاتێکـی دیاریکـراو دا دیـاری کـراوە.

کێشـەی ئـەو خاڵـە لەوەیدایـە کـە دیـاری کردنـی ڕادەی پێویسـتی هێز لـە کاتـی شـەڕ دا هێندێـک ئەسـتەمە. بـەڵام دەبـێ ئەوەنـدە بـێ کـە لـە ڕادەبـەدەر نەبـێ و بـە مەبەسـتی کاولکاریـش نەبـێ.

قاسـملوو دەڵـێ کـە چوونـی پێشـمەرگە بـۆ ناوچـە زۆرتـر بـۆ ئەوەیـە کـە بسـەلمێنین حزوورمـان هەیـە. یـان ئـەوەی کـە پایـگا گرتـن باشـە بـەڵام بـە هەمـوو نرخێـک بـاش نیـە و....

«پرینسـیپ یـان خاڵـی «جیـاوازی» بـاس لـە جیاکردنـەوەی ئامانجـی مـەشرووع لــە ئامانجــی نامــەشرووع دەکا. ئــەو پرینســیپە گرینگتریــن پرینسـیپە لـە سـونەتی شـەڕی ڕەوا دا. ئـەو شـتانەی کـە دوکتـۆر قاسـملوو لـە چوارچێـوەی ئـەو پرینسـیپە دا ئامـاژەی پێکـردووە و ئێمـە دەتوانیـن وەک نموونـە بهێنینـەوە ئەوەیـە کـە دوکتـۆر قاسـملوو دەڵـێ کـە شـەڕی ئێمـە بـۆ ئاشـتییە، بـۆ ئەوەیـە کـە ڕێژیـم وادار بکەیـن کـە وتوویـژ بـکا، ئـەو ڕەشـەکوژی و تیرۆریـزم مەحکـووم دەکا، هەڵسـووکەوتی مرۆڤانـە لـە گـەڵ دیلەکانـی شـەڕ وەک ئـەرک دەزانـێ بـۆ ئەندامـان و پێشـمەرگەکانی حیـزب، رفاندنـی فڕۆکـەو بۆمـب دانانـەوە لـە شـوێنی گشـتی مەحکـووم و ڕەد دەکاتــەوە و لــە هەمــووی گرینگــتر شــەڕی پێشــمەرگەکان تەنیــا بــە دژی ڕێژیــم و لــە چارچێــوەی پارێــزگاری لــە خاکــی کوردســتان دا بــووە و قاسـملوو دەڵـێ کـە « ئێمـە هیـچ کاتێـک هێرشـمان نەکردۆتـە سـەر خەڵکـی ئاسـایی.. ئـەو چەشـنە کارانـە بـە هیـچ شـێوەیەک پاسـاو نادرێـن».

نێوەرۆکی ئەو پرینسیپە باس لەوە دەکات کە دەبێ جیاوازی دابنێین لە نێوان بە ئامانجکردنی چەکدارانی دوژمن و خەڵکی سڤیل دا. هەر دروست لە بەر ئەوەی کە خەڵکی ئاسایی زیان و زەرەری وێ نەکەوێ، پێشمەرگەکانی حدکا خاوەنی یوونیفۆرمی تایبەت بە خۆیانن کە لە کاتی شەڕ دا بە هاسانی لە خەڵکی ئاسایی جیا دەکرێنەوە. هەر چەند کە بۆ ڕێژیمی ئاخوندی، کوشتنی خەڵکی ئاسایی لە کوردستان و یان شەهید کردنی پێشمەرگەکان هیچ جیاوازییەکی نەبووە و زۆرتر ئامانجیان کورد کوشتنە لە هەر ڕێگایەکی مومکنەوە.

دوکترینی کاریگەریی دەبڵ بەو مانایەیە کە ئێمە نابێ کارێکی وا بکەین کە بیانوو بدەینە دەستی لایەنی دیکەی شەڕ کە کارێکی وا یان لەو خراپتر لە ئەوەی کە دەیکات، لە کات و سات و جێگایەکی دیکە دا بە دژی ئێمە بکا. ئەگەر چی حیزب هەموو کاتێک سیاسەتێکی روون و ئاشکرای هەبووە لە چارچێوەی عورف و یاساکانی نێونەتوەیی دا شەڕی خۆی بۆ ماف و ئازادیی گەلی کورد بە دژی ڕێژیم درێژە پێ بدات و زۆربەی هاورێیانی کاک دوکتور قاسملوو باس لەوە دەکەن کە ئەوە قاسملوو بوو کە لە حیزبی دێموکرات دا ئەخلاقی هێنا بۆ نێو سیاسەتی حیزب و پێشمەرگەکانی حیزب وا پەروەردە دەبن کە بزانن دەبێ هەڵسووکەوتی مرۆڤێکی شۆڕشگێر چۆن بێ (ئەخلاقی شۆڕشگێرانە).

بێجگە لەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، پێوەندییەکی روون و راستەوخۆ هەیە لە نێوان «دروستی لە دەستپێکردنی شەڕ» و «دروستی لە کاتی شەڕ دا» بە نسبەت ئوتووریتەی مەشرووع، زێهنیەتی دروست و هیوای واقعی بۆ سەرکەوتن بۆ ئەوەی کە عەمەلیاتێک/ ئوپەراسیۆنێک دەستپێ بکا. بۆیە زۆر گرینگە کە بۆ

وەها کارێـک، هەیکەلێکـی بەهێـز و خـاوەن ئوتووریتـە هەبـێ کـە بـواری ئەخلاقـی و یاسـایی شـەڕ لـە بـەر چـاو بگـرێ. قاسـملوو لـە باسـێک لـە سـەر مودیرییـەت دا، دەڵـی کـە لـە حـدکا دا تەناسـوب لـە نێـوان سـەلاحیەت و بەرپرسـایەتی دەبـێ هەبـێ تـا کـو کارەکان بـە باشـی و بـە دروسـتی بەڕێـوە بچـن.

بـۆ بڕیـاردان هـەم لـە سـەر دروسـتی بـۆ دەسـتپێ کردنـی شـەڕ و هەم دروسـتی لـە کاتـی شـەڕ دا شـارەزاییەکی زۆر پێویسـتە لە هەمـوو ڕادەکان دا. (ئـەوەی کـە هەمـوو ئەندامانـی حیـزب هەوڵـی خـۆ فێرکـردن بـدەن و بەرنامەیـان هەبـێ بـۆ ئـەم کارە، لـە چارچێـوەی «سـیمای دێموکـرات دا هەڵسـوکەوت وراهێنـان بکـەن کـە بـبن بـە کەسـایەتیی دێموکراتیـک، بڕیـاری دەسـتەجەمعی و...).

## دروستی لە دوای شەڕدا:

لـە دوای کۆتایـی هاتنـی شـەڕ، دەبـێ هـەل ومـەرج وا ئامـادە بکـرێ کـە دەرفـەت بـە گەشـەکردنی ئاشـتی و ئاوەدانکردنـەوە بـدرێ. لـەو قۆناغـە دا هیـچ پرینسـیپێکی تایبـەت و روون دیـاری نەکـراوە. بـەڵام ئـەو قۆناغـە شـوێن لـە سـەر هـەردوو قۆناغـی رابـردوو (دروسـتی بـۆ دەسـتپێکردنی شـەڕ و دروسـتی لـە کاتـی شـەڕ دا) وەردەگـرێ. هـەر چـی زیاتـر پرینسـیپەکانی ئـەو دوو قۆناغـەی ئاماژەپێکـراو توشـی شکسـت هاتـبن، ئەوەنـدە گەییشـتن بـە دروسـتی لـە دوای شـەڕ کـە ئاشـتیش لـە خـۆی دەگـرێ، بـە زەحمەتـتر دەبـێ.

لـە خـۆ را نیـە کـە کاک دوکتـۆر هەمـوو هەوڵـی خـۆی دا کـە شـەڕی ئێمـە، وەک شـەڕ بـە دژی دەسـەڵاتی ناوەنـدی پێناسـە بکـرێ و نـەک ببێتـە شـەڕی کـورد و فـارس.

هەروەها نابێ لە بیر بکرێ کە شەهید دوکتۆر قاسملوو هەم لە بەر ئەوەی کە ئابۆریزان بوو و هەم لە بەر بایەخە ئەخلاقییەکان کە بڕوای پێیانبوو، دەیەویست لە کۆمەڵگای ئێران دا هەموو نەتەوەکان بە ماف و ئازادیەکانی خۆیان بگەن و لەراستیدا هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە لەو نرخەی کە کورد بۆ ئازادیی خۆی داوە، لەو هەموو ئازار و رەنج و زەحمەتەی کە کورد کێشاویەتی، بە شێوازێکی ئۆپتیمال کەڵک وەربگرێ و نەهێڵێ مرۆڤەکانی دیکە ئەو هەموو ئازارە بکێشن و ئەو رێگایە لە دەستپێکەوە تاقی بکەنەوە؛ بۆیە حەتا لە دوایین هەناسەکانی پێش شەهیدبوونی دا، داوای مافی هەموو گەلانی بندەستی ئێرانی دەکرد.

قاسملوو کەسێکە دەبێ وەک سەمبۆلی ئەخلاق و مرۆڤایەتی لە مێژووی هەموو گەلانی بندەستی ئێران دا ناوی تۆمار بکرێ.

لە ئاخری ئەم بەشەدا ئاماژە بە یەک خاڵی گرینگ دەکەم کە بۆ چی دوکتۆر قاسملوو لە سەر ئەوەی کە کورد لە کەرەستەی رەوا کەڵک وەربگرێ بۆ گەییشتن بە ئامانج، پێداگریی دەکرد. کاک دوکتۆر لەو بارەوە دەڵێ:» بیروڕای گشتی لە ئورووپا رەنگە جیاوازییەک لە نێوان رێکخراوە کوردەکان و ئەو وڵاتانەی کە ئەوان تێکۆشانیان تێیاندا هەیە دانەنێ. هەر ئەوەندە کە دەستەیەک تەنانەت ئەگەر زۆر پچووکیش بێ، کارێکی نایاسایی بکا، هەموو بزووتنەوەی کورد بە بەرپرس دەناسرێ. .. ناکرێ بۆ گەییشتن بە ئامانجێکی پیرۆز رێگای نارەوا هەڵبژێردرێ، بێ ئەوەی ئامانجەکە زیانی قورسی وێ بکەوێ». هەر وەها بە کردەوەش کاک دوکتۆر هەوڵی داوە و لە رێگای رێنوینی و دۆستایەتی لە گەڵ رێبەرانی هندێک لایەنی کوردی کە تێکەڵاویەکی زۆریان لە گەڵ تیرۆرسیتە فلستینیەکانی وەک جۆرج

حەبەش و وەدیع حەداد هەبوو و حەتا هەوڵیان دەدا کە لە رفاندنی فرۆکە دا یارمەتیی ئەو تیرۆریستانە بکەن و هەندێک جاریش لە شەڕی دژی دوژمنەکانی گەلی کورد دا خەڵکیان بە بارمتە دەگرت، دوور بخاتەوە و تیان بگەیەنێ کە ئەم کارانە دەکەونە خانەی کردەوەکانی قیزەون و نابێ بکرێن و نابێ سیمای شۆڕشەکانی کورد بەو کارانە ناشیرین بکرێن.

## ڕاسان:

ڕاسان درێژەی خەباتی شەهید دوکتۆر قاسملوویە بۆ دێموکراسی، ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد. ڕاسان گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو ڕێگایەی کە کاک دوکتۆر بۆ ئێمە دەستنیشانی کردووە.نلسۆن ماندلا دەڵێ: «هەلومەرجی نوێ، تاکتیکی نوێ دەخوازێ».راسان بە گرتنەبەری تاکتیکی نوێ لە خەبات دا بە گرێدانی خەبات شار و شاخ، لە خەباتی کلاسیکی پارتیزانی دەرباز بووە و بەو شکڵە دەیەوێ خەباتی گەلەکەمان بە شێوازێک ڕێك بخا کە هەموو خەڵکی کوردستان تێدا خۆیان بە بەشدار و ئەرکدار بزانن. شەهیدانی راسان لە کاتی جێ بە جێ کردنی ئەرکی ڕێکخستنی خەڵکدا گیانیان بەخشی و بوون بە هێمای خەبات لە پێناوی ئازادی لە قۆناغی نوێی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. ئەوان بەو فیداکارییە،بوون بە نەمرانی مێژوو.

ئەوان بە دابەزاندنی پلانەکانی راسان لە مەیدانی کردەوەدا، ترس و خۆفێکی زۆریان خستە دڵی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی. ئەگەر چی ڕێژیمی ئاخوندی هەموو هەوڵی خۆی دابوو و دەدات کە ڕێگای گەییشتنمان بە ئازادی دوا بخات، بەڵام تا گەلی کورد

خاوەنـی رۆڵـەی فیـداکاری وەک ئـەو پێشـمەرگانە بـێ کـە لـە ڕاسـان دا گیانیـان بەخشـی، هیـچ هێزێـک ناتوانـێ لـە ڕێـگای خەبـات بـۆ ئـازادی کـە بەرزتریـن ئاواتـی گەلەکەمانـە، چۆکـمان پـێ دابـدا، هەنگاوەکامنـان پـێ شـل کات، تووشـی ناهۆمێدمـان بـکا و یـان پێوەنـدی نێـوان خەباتـی شـاخ و شـار بپچرێنـێ. لـە بـەر ئـەوەی کـە هـەر وەک قاسـملوو دەڵـێ: «هیـچ نێعمەتێـک لـە ئـازادی بەنرخـتر نیـە». راسـانیش بـە هیـچ هێزێـک راناوەسـتێندرێ چوونکـە خەباتێکـە بـە دژی ژێردەسـتی و لـە پێنـاو رزگاری و ئازادیـی گەلێـک دا.

ئێمـە لـە بـەر هـۆڤ بـوون و دڕندەیـی ڕێژیمـی ئاخونـدی ناهومێـد و دەستەوەسـتان نابیـن و تـا سـەرکەوتنی یەکجارەکـی ئەرکـی خۆمـان کـە درێژەدانـی ڕێـگای شـەهیدەکامنانە، بـە بـێ چووکتریـن دوودڵـی و شـک و گومانێـک بـە جـێ دەگەیینیـن و هیـچ کاتێـک خەبـات بـە دژی زڵـم و زۆرداری راناوەسـتێ تـا بـە ئـاکام نـەگات. هـەر چەنـد کـە بـاش ماهییەتـی ڕێژیمـی خومەینـی دەناسـین و دەزانیـن کـە نرخـە ئەخلاقیەکانـی ئـەوان لـە کاتـی شـەڕ دا لـە ئاسـتی ئەخلاقـی مرۆڤەکانـی سـەرەتایی دا یـە و خۆیـان لـە هیـچ جینایەتێـک بـە دژی ئێمـە ناپارێـزن و تـا ئێسـتاش نەیانپاراسـتووە.

دوژمنانـی گەلـی کـورد بـە گشـتی و نەتـەوەی سەردەسـت لـە ئێـران دا بـە تایبەتـی هەوڵـی سرینـەوەی ناسـنامەی کـورد دەدات و ئێمـە وەک نەتـەوە ناناسـێ و وەک چـۆن دوکتـۆر قاسـملوو بـۆ خـۆی ئامـاژەی پـێ کـردووە،» لـە فەلسـەفەی ئیسـلامی خۆمەینـی دا شـتێک بـە نـاوی نەتـەوە بوونـی نیـە». بۆیـە کـورد مەجبـوورە بـۆ پاراسـتنی ناسـنامەی نەتەوەیـی، کـۆد و نرخـە کولتوورییـەکان و لـە هەمـووی گرینگـتر، زمـان و خاکـی خـۆی، دژکـردەوە لـە خـۆی نیشـان بـدات و لـە دژی ڕێژیـم کـە هەوڵـی

سرینـەوەی ئـەو نرخانـە دەدات، تێکۆشـان بـکا و نەهێڵـێ ناسـنامەیەکی دیکـە، بێجگـە لـە ناسـنامەی ڕەسـەنی خۆی بۆ سـاز بکـرێ. ئەو تێکۆشـانە، تێکۆشـانێکە بـە دژی هەمـوو ئـەو نادادپەروەریانـە کـە دەرحـەق بـە کـورد دەکرێـن و مافـمان لـێ زەفـت دەکـرێ، بـە نامرۆڤانەتریـن شـێوە سـزای تونـد بـە سـەر ئێمـە دا دەسـەپێندرێن، خەلکـی ئێمـە قەتلوعـام دەکـەن، سرووشـتی وڵاتەکەمـان تێـک دەدەن و دەسـۆتێن.. هتـد. نابـێ لـە بیـر بکـرێ کـە هـەر یـەک لـەو نرخانـە کـە لـە سـەرەوەدا ئاماژەیـان پێکـرا، وەک هێـز تەعریـف دەکرێـن. یانـی ئەگـەر خاوەنـی ناسـنامەی خۆمـان بیـن، خاوەنـی کولتـووری خۆمـان بیـن یـان خاوەنـی زمـان و خاکی خۆمـان بیـن، بـەو مانایەیـە کـە خاوەنـی هێزیـن. هێـز لـەو نرخانەدایـە کـە باسـیان لـێ کـرا.

ڕاسـان لە کاتێک دا دەسـتی پێکرد کە شـۆرش لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان دا، بـە هـۆی هندێـک هەلومەرجـی تایبـەت تووشـی راوەسـتانێکی لـە رادەبـەدەر ببـوو. ڕاسـان ئـەو شۆرشـەی لـە بـێ هێزییـەوە هێنـا و کـردووە بـە هێـزی دژکـردەوە بـە دژی سیاسـەتەکانی ڕێژیـم بـە شـکلێکی ئاکتیـڤ و ئـەوەی کـە بەرێـز کاک مسـتەفا بـە «ئەمـری واقـع» ناودێـری کـرد.

نلسـۆن مانـدلا دەڵـێ: لـە ژیانـی هـەر نەتەوەیـەک دا زەمانێـک\ قوناغێـک دێ کـە تەنیـا دوو رێـگای لـە پێشـە: تەسـلیم بـوون (خـۆ بەدەسـتەوەدان ) یـان بەرخـوەدان. ئێمـە خۆمـان بەدەسـتەوە نادەیـن. ئـەو یەکـە لـە لایـەن هەمـوو شـەهیدانی ڕاسـانەوە، بـە تایبەتـی شـەهید کاوە و سـەرکەوت، بـە بەڵگـەوە سـەلمێندرا کـە رێبوارانـی راسـتەقینەی رێـگای ئـازادی مردنـی سـەربەرزانە لـە خۆبەدەسـتەوەدان زۆر لـە سـەرتر دەزانـن و هیـچ کاتێـک سـەر بـۆ دوژمـن شـۆڕ ناکـەن.

هاوڕێیان!

هەوڵـی ڕێژیمـی خۆمەینـی لـە بێدەنگکردنـی چەکـی پێشـمەرگە بـۆ جێگرکردنـی ئاشـتی نیـە لـە کوردسـتان دا. لـە بـەر ئـەوەی کـە دوژمنانـی ئێمـە بڕوایـان بـە ئاشـتیی ئەرێنـی نیـە و ئاشـتیی نەرێنیشـیان (نەمانـی شـەڕی چەکـداری) تەنیـا بـۆ ئەوەیـان دەوێ کـە ئیمکانیـان هەبـێ زۆرتـر و هاسـانتر گەلـی کـورد بچەوسـێننەوە، بۆیـە کـورد شانسـی ئـەوەی نیـە کـە پاسیفیسـتی بیـر بکاتـەوە. هەروەهـا کـورد لـە بـاری ئەخلاقیشـەوە بـڕوای بـەوە نیـە کـە هەمـوو شـتێک بـە زەبـری چـەک و شـەڕ (شـێوازی ڕئالیسـتی) یەکلایـی بکاتـەوە و لـە هەمـوو کەرەسـتەیەک بـۆ گەیيشـتن بـە ئامانـج کەڵـک وەربگـرێ. بۆیـە لـە نێـوان ئـەو دوو ڕێگایـە دا، بـە ڕێبەریـی کەسـانێکی وەک قاسـملووی شـەهید، ئالترناتیڤـی سـێهەمی دووزیوەتـەوە کـە خەباتـی ڕەوا یـە. ڕاسـان سـەلماندی کـە ویژدانـی شۆڕشـگێرانی دەروەسـت، ڕێبوارانـی ڕاسـتەقینەی ڕێـگای شـەهیدان و هەمـوو ئـەو کەسـانە کـە بـۆ مـاف و ئازادیـی گـەل بیـر دەکەنـەوە، هێشـتا هـەر بەخەبـەرە و باوەڕیـی ئـەوان بـە سـەرکەوتن ناهێڵـێ ئـەو ڕێبـازە بـە پاسـیڤ و ڕاوەسـتاو بمێنـێ.

بـە هـۆی ڕاسـان، شۆڕشـی کـورد توانـی مەیدانـی عەمەلـی ئازادتـر بـۆ خـۆی بئافرێنـێ و ئێسـتا توانـای هەیـە کـە ئازادانەتـر لـە جـاران بجۆلێتـەوە و هاسـانتر لـە ڕابـردوو پێوەنـدی بـە خەڵکەکەمـان لـە نێوخـۆی وڵاتـەوە بگـرێ بـۆ ئـەوەی کـە گرێدانـی خەباتـی شـاخ و شـار بـە کـردەوە بەرێـوە بچـێ. ڕاسـان ئەگـەر چـی سـاڵی پـار نرخێکـی زۆری دا، بـەڵام ئـەو نرخـە بـە فێـڕۆ نەچـووە و ناچـێ. ئـەو یەکـە بـووە هـۆی ئـەوە کـە لـە لایـەک ناسـنامەیەکی نـوێ بـۆ خەباتەکەمـان دروسـت ببـێ و لـە لایەکـی دیکـەش ئێمـە بتوانیـن لـە بـواری کاری ڕێکخسـتنی، چەکـداری و نێهینـی

تەجربـە و زانسـتی زۆر دەسـت بخەیـن. نابـێ لـە بیـر بکەیـن کـە هیـچ پێشـکەوتنێک بـێ نـرخ نیـە. یەکمیـن نرخ کـە ڕاسـان دای و نەتیجەکەشـی وەرگـرت، بـە شـەهید بوونـی کاک قـادر کەریمـی، خەڵکـی کـورد بـۆ هەمیشـە رق و توورەیـی خـۆی لـە بەرامبـەر شـەڕی براکـوژی نیشـان دا و ئـەو یەکـەش بـووە سـەبەب کـە پ ک ک نەتوانـێ شـەڕی براکـوژی بـە دژی حیـزب و خەڵکـی ڕۆژهـەڵات درێـژە پێبـدات. لێرەدا لـە جێگای خۆیەتـی کـە هەلوێسـتی خەڵکـی کوردسـتان و هەمـوو هێزەکانـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی وڵاتەکەمـان بـەرز بنرخێنیـن و سوپاسـی ئـەو هەلوێسـتە بوێرانەیـان بکەیـن.

دەرسـێکی دیکـەی راسـان کـە راسـت و دروسـتیەکەی لـە مەیدانـی کـردەوەدا سـەلمێندرا ئەوەیـە کـە ئێمـە دەبـێ لـە سـەر هێـزی گەلەکەمـان حیسـاب بکەیـن و بڕوامـان بـە خۆمـان هەبـێ. نـە وەک هیندێـک کـەس کـە بـە قسـەیەکی کاربەدەسـتانی رێژیـم شاگەشـکە دەبـن و چاویـان بـە دەسـتی کاربەدەسـتانی رێژیمـە کـە شـتێک بـۆ گەلـی کـورد بکـەن. کـە دوژمـن قەتیـش کارێکـی خێـر بـۆ گەلەکەمـان نـاکا، ئەگـەر چەنـد قـات بـە قازانـج و بەرژەوەندیـی خـۆی نەبـێ. بۆیـە راسـان سـەلماند کـە نابـێ چاومـان لـە دەسـتی کـەس بـێ. بەلکـوو دەبـێ پشتئەسـتوور بیـن بـە هێـزی خۆمـان و پشـتیوانیی گەلەکەمـان.

نلسـۆن مانـدلا دەڵـێ: توندوتیژیـی حکوومـەت تەنیـا یـەک ئاکامـی دەبـێ و ئەوەیـش ئافراندنـی توندوتیژیـی بەرامبـەرە. دوکتـۆر قاسـملوو لـە سـەر بەربەرەکانـی لـە گـەڵ دوژمـن و رێـگای رۆخاندنـی رێژیـم دەڵـێ کە رۆخاندنـی رێژیمـی ئاخونـدی تەنیـا لـە رێـگای خەباتێکـی توندوتیژەوەیـە مومکنـە کـە بـە خەباتـی چەکـداری لـە نێـو شـارەکان و خەباتـی پارتیزانـی لـە گونـدەکان، نێـوی دەبـا.

ڕاسان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو وانەیەی دوکتۆر قاسملوو تێکۆشان دەکا.

ڕاسان بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەو راستیە کە تێکۆشەرانی کورد بۆ درێژەدانی خەبات، رێگا نادەن هیچ شک و گومانێک بکەوێتە دڵیان و لەو رێگایە دا حازرن نرخەکەی، هەر چەند قورسیش بێ، بدەن.

**به کورتی ئەرکەکانی ئێمە لەو قۆناغەدا:**

■ درێژەدان بە خەباتی رەوا لە پێناو ماف و ئازادیی گەلەکەمان دا بە پێی پێوەرەکانی شەڕی رەوا و لە چارچێوەی بیر و ئەندیشەی قاسملوو دا.

■ بەشداری بە شێوازێکی ئۆپتیمال لە خەبات دا، بە جێ گەیاندنی هەموو ئەرکەکانی حیزبی بە پێی توانا وهاوکاری بۆ سووککردنی باری قورسی هاورێیان بە گشتی و پێشمەرگەکان بە تایبەتی.

■ خەباتی دیپلۆماتیک بۆ ناساندنی خەباتەکەمان وەک خەباتی رەوا و راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ لای پرسی کورد.

■ دروست کردنی ئەنگیزەی دەروونی لە ناخی خۆمان دا کە هانمان بدات بۆ کار و خەبات.

■ تەشویقکردنی یەکتر بە مەبەستی ئەنگیزەی دەرەکی

■ هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئەوەی کە کاراکتێرەکانی شەخسیەتی دێموکراتیک لە ناخمان دا بەهێزتر کەین و بۆ ئەم مەبەستە لە چارچێوەی پێوەرەکانی «سیمای دێموکرات» تەمرینی بەردەوامان هەبێ. ئەو یەکە دەتوانێ یەکگرتوویی تەشکیلاتیمان زۆر بەهێزتر بکات.

جارێکـــی دیکـــە و لـــە ٢٨میـــن ســـاڵوەگەری شـــەهیدبوونی ڕێبـــەر و مامۆســـتامان دا، بێزاریـــی خۆمـــان لـــە تیرۆریـــزم دەردەبریـــن و لـــە گـــەڵ ڕووحـــی کاک دوکتـــۆر و هەمـــوو شـــەهیدانی گـــەل پەیـــمان نـــوێ دەکەینەوە کـــە ڕێگایـــان تـــا ســـەرکەوتن و سەربەســـتی درێـــژەی دەبـــێ.

سـڵاو لـە ڕووحـی کاک دوکتـۆر قاسـملوو و هەمـوو شـەهیدانی ڕێـگای ڕزگاریـــی کوردســـتان، بەتایبەتـــی شـــەهیدانی قۆناغـــی نوێـــی خەباتمـــان-ڕاسان.

سـپاس و پێزانیـن بـۆ مامۆسـتا بێبـەش پیرۆتـی کـە لـە بـواری ئێدیـت کـردن و راســتکردنەوەی هەڵەکانــی زمانەوانــی، یامەتیــدەرم بــوو لــەو وتــارە دا.

## ژێدەرەکان:

1. http://munin.uit.no/bitstream/handle/10037/1962/thesis.pdf?sequence=2
2. http://pacem.no/2012/rettferdig-krig-tradisjonen/
3. https://snl.no/rettferdig_krig
4. https://no.wikipedia.org/wiki/Rettferdig_krig
5. https://snl.no/rettferdig_krig
٦. کتێبەکانی تاڤگەی حەقیقەت بەرگەکانی ١، ٢، ٣، ٤
٧. نلسون ماندلا فریادی نامیرا از ێفریقای جنوبی، گردێورندە: بنیاد بین المللی کمک دفاعی و مالی بە مبارزان ێفریقای جنوبی، ترجمە بە فارسی: محمد حفاقی
٨. ویدئو و ئاخڤتنەکانی دوکتۆر قاسملوو
٩. دیداری تەمەن بەرگی ١ و ٢